# کوردستان ئەو وڵاتەی کە نییە

نووسەر: ئینگمار کارڵسۆن، کۆنسوڵی سوید لە تورکیا.
ساڵی چاپ: 2008
وەرگێر: ئەنداز حەوێزی.

**لە جیهانی ئەمڕۆدا نزیکەی 30 ملیۆن کورد بێ وڵاتێکی سەربەخۆن. بۆیە پرسی کورد پرسێکی هەنووکەییە و پەیوەندیی بە گشتمانەوە هەیە.**
ئینگمار کارڵسۆن، لەم پەرتووکەدا، بەشێوە پیداگۆگیەکەی خۆی گەلێ رووی پرسیارە مەزنەکە (بوون و نەبوونی کوردستان) روووندەکاتەوە. بەقووڵی باسی مێژووی کورد و باری ئەمڕۆیان لە وڵاتانی وەک: تورکیا، ئێران، عیراق و سوریا دەکات کە دژ بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردین لەسەر خاکیان.
بەڵام کێشەکە تەنها کێشەی مافی کەمینە و بۆچوونی زۆرینە نییە. بەڵکو لە ئامێزیدا کۆمەڵێ پارادۆکس و دادەی پێک دژ کۆبووەتەوە، وەک جیاوازی زمان و سیستێمی کۆمەڵایەتی دژ بەیەک و روون ئاماژە بۆ ناکۆکی نێوان ساختمانی کۆمەڵگەی خێلەکایەتی و دەوڵەتێکی سڤیلی مۆدێرن دەکات.

ئەم پەڕتووکە هێشتا لە ژێرکاردایەو ئەمساڵ دەکەوێتە بازاڕەکانی کوردستان. بە شیاومان زانی کە پێشوەخت نموونەیەکی ناوەڕۆکی، بەمەبەستی راگەیاندن، پێشکەشی بە خوێنەری هێژاکەین.
بە هیوای چێژوەرگرتن لێی.
دەزگای مێخەک.

All rights ® reserved to Mèxek 2010
If you have questions or comments, please contact Mèxek at
**mexek@lpok.org**

## بەشی 5
## عیراق

**کە پەیمانی ئاشتی ڤێرسای لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا واژۆکرا، سەرۆکی ئەمریکی Wilson، رایگەیاند کە ( رێگا بۆ دیموکراسییەت لە جیهاندا تا ئەبەد، خۆشکرا، *safe for democracy*، ). بەڵام لەڕاستیدا، ئەنجامی دابەشکردنی ئمپراتۆریەتی عوسمانی بەپێی (رێکەوتن نامەی ئاشتی)** *بووە مایەی ئاشتییەک کە کۆتایی بە گشت ئاشتییەکان هێنا* **( ئەم رستەیە لە مێژوونووسی ئەمریکی *David Formkin* وەرگیراوە). بۆیە هەڵە نییە گەر بێژین کە کێشەکانی ئەمڕۆی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرهەمی ئەو بڕیارو دابەشکردنەن کە هێزە سەرکەوتووەکانی جەنگی جیهانی یەکەم پێیگەیشتن.**

لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم جەنگە، هەستێکی ناسیۆنالیزمانەی عەرەبی دەستی بە گەشەکردنکرد. ئەم ناسیۆنالیزمە عەربیە، لە سەرەتاکانیدا لە ناو کۆمەڵێ لاوی رۆشەنبیری عەربی مەسیحی لوبنان و سوریا کە خوێندنیان لە قوتابخانەی پەیامبەخشە مەسیحیە ( مدارس تبشیریە، میشونێر، چالاکی رێکخراوی کلیسایی ) رۆژئاواییەکانی لوبنان و سوریادا بەئەنجام گەیاندبوو، سەریهەڵدا.

هەر لە ناوەندەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە، قوتابیە مەسیحیەکانی بەیروت بەمەبەستی ڕێنێسانسکردنی کەلتوور و کۆمەڵگای عەرەبی لەڕێی دامەزراندنی چەندین کۆمەڵەوە دەستیان بە خۆ ڕێکخستنکرد. ئەم ڕێکخراوانە جەختیان لەسەر ڕۆڵی زمانی عەرەبی دەکرد وەک بەستەری سەرەکی نەتەوەی عەرەب بێ بایەخدان بە ئنتیمای دینی. واتە بزوتنەوە پانعەرابیسم لە رەچەڵەکدا و سەرەتاکانیدا بزوتنەوەیەکی سێکولاربوو و دەشێ بگوترێ، کە وڵامی بەشە عەرەبیەکەی دەوڵەتی عوسمانی بوو بۆ ناسیۆنالیزمی تورکە لاوەکان. **گەر تورک نەتەوەبێت، عەرەبیش نەتەوەیە**. ئەم گروپە سەرەتاییانە، پێکهێنانی ئەم یەکەیەیان (نەتەوە) وەک مەرجێک دەدیت بۆ مۆدێرنکردنی کۆمەڵگای عەرەبی. ئەم عەرەبە ناسیۆنالیستانە ئارەزووی دیتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی عەرەبیان هەبوو، کە لە کۆی ناوچە عەرەبیەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی پێکهاتبێت، هەرچەندە دیدی گروپە جیاوازەکان بۆ ناوەڕۆکی سیاسی ودینی و سنووری ئەم جۆرە دەوڵەتە گەلێ لێک جودابوو.

**کۆمەڵەی لاوانی عەرەب**، یەکێ لە یەکەمین ریکخراوە نهێنیەکانی ئەو دەمە بوو، کە میر فەیسەل، کوڕە گەورەکەی شەریف حوسەینی مەککە ، کە کارپێسثێردراوی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە هەرێمی حوجازی نیمچە دورگەی عەرەبیدا، یەکێ لە ئەندامەکانی بوو.

لە مانگی دووی 1914دا عەبدوڵڵای، کوری دووەمی هەمان شەریف حوسێن، سەردانی قاهیرەی کرد بۆ دیتنی Lord Kitchener نوێنەری قونسولیەتی بەریتانی لە مسر بە مەبەستی تاوتوێکردنی ئەگەری پشگیری بەریتانیا بۆ باوکی گەر بێت دژ بە تورکەکان هەڵسێتەوە. جا لەبەر ئەوەی بەریتانیا لەو دەمەدا، بە چاوی دۆست دەیڕوانیە ئەستەمبول، بە نەخێر وەڵامیدانەوە. بەڵام کە دەوڵەتی عوسمانی، لە مانگی نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا بووە هاوپەیمانی ئەڵمانیا، بارەکە گۆڕاو Henry McMahon کە جێی Kitchener ی گرتبووەوە لە قاهیرە، دەستی بە پەیوەندی و نامە گۆرینەوە کرد لەگەڵ شەریف حوسێن. McMahon پشتگیری خۆی راگەیاند بۆ سەربەخۆیی عەرەب لەقۆناغی پاش جەنگدا، بەڵام بە هەندێ تەحەفوزەوە، لەوانەش (( ئەو ناوچانەی کە تەواوی دانیشتوانی عەرەب نین، و ئەو ناوچانەی کە بەریتانیا، لەبەر رەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی فەرەنسای هاوپەیمانی ناتوانێ یەکلایەنانە بڕیاریان لەسەربدا، ناکەونە چوارچێوەی دەوڵەتی بەڵێندراو))

مانگی شەشی 1916 شەریف حوسێن، دژ بە ئمپراتۆریی عوسمانی هەستایەوە. لە ئۆکۆبەردا خۆی وەک ( پادشای عەرەب ) راگەیاند، هەرچەندە هاوپەیمانەکان تەنها وەک پادشای حوجار ( ناوچەی هاشیمیەکان لە باکوری رۆژئاوای نیمچە دورگەی عەرەبیدا )، دانیان پێدانا. لەگەڵ ئەوەشدا بەریتانیا یارمەتی ئابووری و لەشکری بۆ هەردوو کوڕەکی حوسێن، عەبدوللاَ و فەیسەلدا نارد و راوێژکاریشی نارده خزمەتیان، کە T.E.Lawrence ( ناسراو بە لۆرانسی عەرەب) یەکێکیان بوو و لە باری مێژووییەوە ناوبانگی لە گشتیان پتر دەرکرد.

هەر لەو کاتەدای کە McMahon و حوسێن کەوتبوونە نامەگۆڕینەوە، بەریتانیا، بەشێوەیەکی نهێنی لەگەڵ فەرەنسا و روسیا کەوتبووە گفتوگۆ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی هەمان ناوچە پاش کۆتایی شەڕ. پاش شکانی هاوپەیمانەکان بەرابەر بە تورک لە نزیک Gallipoli لە 1915 دا، بەریتانیا بۆی دەرکەوت کە بەبێ یارمەتی فەرەنسا پێیناکرێ پلانە لەشکری و سیاسیەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا جێبەجێکات.

بۆیە لە 1916 دا، پەیمانی ناسراو بە سایکس-بیکۆ مۆرکرا، ئەم پەیمانە بە پێچەوانەی بەڵێنەکانیان بۆ شەریف حوسێن. ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی دابەشکرد بۆ چەند زونێکی بەریتانی و فەرەنسی . بڕیاریش درا کە فەلەستین لەلایەن کۆندۆمینیۆمێکی ( بەڕێوەبەرایەتی هاوبەش ) نێودەوڵەتیەوە کە بریتییە لە بەریتانیا، فەرەنسا و روسیا بەڕێوەببرێ بەڵام ناوچەی Transjordan ( ناوی کۆنی ئەو ناوچەیەی کە دەکەوتە رۆژهەڵاتی روباری ئوردون، ئەم ناوچەیە پاشان دەوڵەتی پادشای ئوردنی لەسەر دروستکرا / وەرگێر) دەبێتە ناوچەیەکی سەر بە بەرژەوەندگیریی بەریتانی.

پاش شۆڕشی روسیا، حکومەتە نوێیە بەلشەفیەکەی لە نۆڤەمبەری 1917 دا غەدری فەرەنسی-بەریتانی و ناوەڕۆکی راستەقینەی پەیمانی سایکس-بیکۆی ئاشکراکرد. بەریتانیا و فەرەنسا کەوتنە هەوڵی دڵنیاکردنی حوسێن و هەردوو کوڕەکەی لەوەی کە بەڵێنەکانی MacMahon جێبەجێدەکرێن و وەک بەڵگەش ئاماژەیان

بۆ سەرکەوتنی ئۆپراسیۆنە لەشکریە هاوبەشەکان دەکرد. لە بەرەکانی شەردا، شەریف حوسێن هەر لە سەرەتای هەڵمەتەکانەوە، هێزەکانی تورکی لە مەککە دەرکردبوو. هێزەکانی فەیسەل لە مانگی حەوتی 1917، شاربەندەری گرنگی عەقەبەیان گرت. فەیسەل لە ئۆکتۆبەری 1918 دا، وەک پاڵەوانێکی مللی عەرەب چووە ناو دیمەشق ، بەمەش شەڕلەم بەرەیەدا کۆتای پێهات.

## بەڵێنەکانی سەربەخۆیی:

چوارده خاڵەکەی سەرۆکی ئەمریکی، Wilson، سەبارەت بە ( مافی خۆچارەنووسی نەتەوەکان) بوون بە پرنسیپێکی ڕێ نیشاندەر بۆ ڕێکخراوی یەکیەتی نەتەوەکان کە لە 1920 دا دامەزرا. خاڵی 12 هەمی ئەم پرنسیپانە بەم شێوەیە پێشکەشکرا " ئەو نەتەوانەی کە ئەمڕۆ لەژێر دەسەڵاتی تورکیدان، دەبێ گەرەنتییەکی تەواوی مانەوەیان پێبدرێ و دەرفەتی خەوشلێنەگیر و خودموختارانەی پێشکەوتنیان، بۆ برەخسێندرێ " . بەپێی ڕاگەیاندراوەکە، گەیشتن بەم پێشکەوتنە سەربەخۆیە لەرێ مەنداتێکەوە (( ئنتیداب)) دەبێ کە لەژێر چاودێری یەکیەتی نەتەوەکان دەبێت. بۆ ئەم مەبەستە Wilson کۆمیسیۆنێکی پێکەوەنا ( کۆمیسیۆنی - King-Crane - ) کە ئەرکی پێشنیارکردنی دابەشکردنی مەنداتەکانی پێسپێردرا.

لە ئەپریلی 1920 دا لە شاری San Remo بەریتانیا مەنداتی فەلەستین و ناوچەکانی میسۆپۆتامیای کە پاشان ناوی عیراقی " وڵاتە پڕ ڕەگەکە " لێنرا، بەرکەوت، و فەرەنسا سوریا و لوبنانی بەرکەوت. مانگی حەوتی هەمان ساڵ لەشکری فەرەنسی دیمەشقی گرت و فەیسەل لەبری ئەوەی ببێ بە پادشای دەوڵەتێکی عەرەبیی سەربەخۆ ناچارکرا سوریا جێبهێڵێ.

بەندی 22 ی پەیرەوی ڕێکخراوی یەکیەتی نەتەوەکان، ئەرکی هێزە مەنداتدارەکان بەم شێوەیە بەیاندەکات :

(( بۆ ئەو کۆلۆنی و ناوچانەی کە وەک ئەنجامێکی جەنگ، لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە بەڕێوەبەرەکانی بەر لە جەنگیان نەماون و دانیشتوانی لە پلە یەکدانین کە لەسەر پێی خۆیان بوەستن ، ئەم پرنسیپە پیادەدەکرێت : خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی ئەم میلەتانە بەرپرسیاریەکی شارستانی پیرۆزە و ئەرکەکەی دەسپێردرێت بەو نەتەوە پێشکەوتوانەی کە لە ڕوانگەی ، ئابووری و کارامەیی و جوگرافییەوە، شیاون بە گرتنە ئەستۆی ئەم ئەرکە. ))

بەڵام، لەبری ئەوەی هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتانێکی خودان توانای ژیان و پێشکەوتن لە سەر بنەمایەکی دروستی مێژوویی و ئابووریی و جوگرافی بدرێت. لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندیە نەتەوەیەکانی فەرەنسا و بەریتانیا، دەوڵەتانیک بنیادنران کە سنوورەکانیان تەریبی دادە مێزوویی و جوگرافی و دینیەکان نەبوون. جا لەبەر ئەوەی فەرەنسا و بەریتانیا خۆیان عەزێت نەدا کە پادشایەتی و دەوڵەت و سیستێمی سیاسی خاوەن ڕوخساری پایەمانی دامەزرێنن، بوونە مایەی پێگەیاندنی کۆمەڵێ زیانی چارەنەدار بە ڕێسا و نەزمی سیاسی کۆنی ئەو ناوچانە. وەک ئەنجام، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو بەوەی کە ئەمڕۆ دەیبینین. ئەم دەوڵەتانە بەهیچ شێوەیەک ئەوەیان ڕەچاو نەکرد کە سنوورە دەسکردەکانیان لە ناوچەیەکی فەرهەنگی دێرین و فەخرئامێزدا ڕادەکێشن. لەوەدەکات وایان دانابێت، کە ئەو ناسنامە نەتەوەییەی ئۆروپا ( پاش پرۆسەیەکی سەدەها ساڵە پێیگەیشت )، لەماوەی چەند دەیەیەکدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەرستدا جێگیردەبێت.

بەم شێوەیە، کێشەی ئۆروپی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واتە دۆزی دابەشکردنی ناوچەدەسەڵاتی فەرەنسی، بەریتانی، ئەڵمانی و ڕوسی بەپێی، ***the great game*** ، چارەکرا. بەڵام کێشەی خودی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوڵقێنرا. واتە، ئەو بڕیارانەی کە لەسەردەم و پاش جەنگی جیهانی یەکەم، کە بێئاگاداری عەرەبی ناوچەکە دران، ناوەڕۆک و هۆکاری ناکۆکیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی ئەمڕۆن جا لە

جەنگی ناوخۆیی لوبنانەوە بیگرە تا توندوتیژی و رووداوە خوێناویەکانی ناو ئیسرائیل و ناوچەداگیرکراوەکان و شەڕەکانی ئەمڕۆی عیراق.

بۆنموونە، دەبینین لەو دەمەیدا کە فەرەنسیەکان بەپێی پرنسیپی سیاسەتی ( دابەشکە و حوکمکە )، یەکەیەکی جوگرافی خودبژێوی وەک ( وڵاتی شامیان ) هەڵوەشاندەوە و سوریا و لوبنانیان لێ پێکهێنا و مەزهەبە مەسیحی و ئیسلامیە جیاوازەکانیان بەگژ یەکدا دەکرد. پەریتانیا بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیە ستراتیژی و ئابووریەکانی خۆی هەوڵی پێکەوەنابی چەند ناوچەیەکی پێک نەگونجاوی دەدا، بەمەبەستی دروستکردنی دەوڵەتێکی قەومی نوێی لە میسۆپۆتامیا.

ئەورۆژەی کە مەنداتی عیراق بە بەریتانیا بەخشرا، میلەتێک نەبوو بەناوی میللەتی عیراق. ویلایەتەکانی بەسرا و بەغدا لەمێژبوو دوو هەرێمی پشگوێخراوی کنارەکانی ئمبراتۆریەتی عوسمانی بوون. بەسرا ، کە دەکەوێتە ناوچە شێعەکەی باشووری میسۆپۆتامیا، هەمیشە رووی پەیوەندیەکانی لە کەنداو و هیند بووە، ئەما بەغدا پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا بەهێزبوو.

لە روانگەی مێژووییەوە، سەرەتای بایەخدانی بەریتانیا بەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ 1800 دەکان ئەویش لەبەر ئەوەی کە بەشێکی زەمینەڕێی هند بوو. لە سەرەتاکانی 1900 دەکاندا، گرنگی میسۆپۆتامیا پتربوو، ئەویش پاش دۆزینەوەی نەوت لە وڵاتی فارس و دەسگرتنی کۆمپانیا بەریتانیەکان بەسەر سەرچاوە نەوتیەکانیدا و ناردنە دەرەوەی نەوت بەڕێی کەنداوی فارسیدا. هەنگاوێکی دی کشانی بایەخی بەریتانی بەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1899، کە ئەستەمبول ئمتیازی دروستکردنی هێڵی شەمەنەفەری نێوان قۆنیا و بەغدای دایە ئەڵمانیا و پاشانیش هێڵەکە تا بەسرا درێژکرایەوە. بۆ بەریتانیا، بوونێکی ئەڵمانی لە میسۆپۆتامیادا لە لایەکەوە مەترسی دەخستە سەر بەرژەوەندیە نەوتیەکان و لەلایەکی تریشەوە هەڕەشەبوو بۆ بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە هینددا.

بۆیە بەریتانیا بەلایەوە گرینگ بوو کە ئەم رێگە زەمینیە بپارێزێ، ئۆردوگا و فرۆکەخانەی لەشکری دامەزرێنی، جگە لەوەیش کە ئەم کارانە بۆ پاراستنی کەنالی سوێسیش گرنگبوون ( مسر کە بەریتانیا لە 1882 دا داگیریکرد، راستە لە دیسەمبەری 1922 دا بە فەرمی وەک وڵاتێکی سەربەخۆ راگەیندرا و فوئادی یەکەم خرایە سەر تەختی پاشایەتی لە قاهیرە. بەڵام پاش ئەم راگەیاندنەش چەقی دەسەڵات هەر لە لەندەن بوو و بەریتانیا کۆنترۆلی تەواوی بەسەر کەناڵی سوێسدا هەبوو).

بەریتانیا، هەر بەر لە جەنگ، بەمەبەستی پاراستنی بۆری نەوتەکانی ئێران، هێزێکی لەشکری بەریتانی لە هیندەوە گەیاندە ( شەتو العەرەب )، لەگەڵ دەسپێکردنی جەنگی جیهانی یەکەمدا، بەسرای گرت . پاشان بەمەبستی تاقیکردنەوەی دژواریی رێگەکە هێزێکی لەشکریی بە مەبەستی گرتنی بەغدا بەرەو باکور رەوانەکرد. ئەم هێزە لە 1916دا، لە ناوچەی کوت/عیمارە لە لایەن تورکەکانەوە شکێندرا و ناچاری کشانەوە کرا. ساڵێ پاش ئەو رووداوە، بەریتانیا شاری بەغدای گرت و جەنەراڵ Stanley Maude لە بەیاننامەیەکدا ئەم پەیامەی خوارەوەی بە خەڵکی شار راگەیاند :

( لەشکری ئێمە، نە وەک داگیرکەرو نەوەک دوژمن هاتووە، بەڵکو لەشکرێکی رزگارکەرە. ئەی دانیشتوانی شاری بەغدا، لەیادتان نەچێت کە بیستوشەش نەوەیە ستەمدیدەی دەسەڵاتێکی ستەمکاری بێگانەن، ستەمکارێک کە بۆ دابیکردنی بەرژەوەندیەکانی، خێزانە عەرەبەکانی بەگژ یەکدا دەکرد. ئەم سیاسەتە، بۆ بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی، سیاسەتێکی قێزەوەنە چونکە ئازادی و بەختەوەری هەرگیز لەسایەی دوژمنایەتی و دەسەڵاتی شێتانەدا بەدیدنایەن) .

بەڵام زۆری پێنەچوو بۆ جەنەڕاڵ مۆد دەرکەوت کە 75% ی دانیشتوانی میسۆپۆتامیا، ئەندامی خێڵن و پابەندی پەیوەندییە خێڵەکایەتیەکانیانن و " نەریتی گوێڕایەڵی هیچ جۆرە حکومەتێکیان تێدا بەدی ناکرێت " .

دژ بەوەی کە بەریتانیا، بەڵێنەکانی خۆی بەجێ نەگەیاند، و ناوچەکەیان پاش دەرکردنی تورک جێنەهێشت، خەڵکی باشووری عیراق لە 1920 دا دژ بەبەریتانیا هەستانەوە. لەم یاخیبوونەدا کە ناوی ***یاخیبوونی مەزنی عیراق*** ( ثوره العشرین ـ شۆڕشی بیستەکان / وەرگێڕ ) ی لێنرا، بۆ یەکەم جار، هەرچەندە بۆ ماوەیەکی کورت بوو، سونە و شیعە لەپێناوی ئامانجێکی هاوبەشدا یەکیان گرت. ئەفسەرێکی

بەریتانی لەم بارەوە راشکاوانە دانی بەوەدا نا کە " کۆمەڵ کوژیی "  تاکە رێی خامۆشکردنەوەی ئەم یاخیبوونە بوو. بەریتانیا تەنها پاش بۆردومانکردنی خەڵکی سڤیل و بەکارهێنانی گازی کیمیاوی، توانی ئاسایش جارێکی تر بەرقەرارکاتەوە.

لە 22 ی ئۆگوستی 1922 دا ، T.E. Lawrence ، لە وتارێکدا کە لە Sunday Times دا بڵاوکرایەوە، دەڵێ :

خەڵکی ئنگیلتەرا تووشی داوێک بوون، کە ئاستەمە، رووسپیانە و سەربەرزانە لێی بەدەربێن. ئەنجامی نەدرکاندنی راستییەکانە کە هەڵخەڵەتێندراون. راپۆرتەکان لە بەغداوە بە درەنگی دەگەن، جگە لەوەش نادروست و ناتەواون. رەوشەکە گەلێ لەوە بەدترە کە پێمان گەیشتووە، بەڕێوەبەرایەتیمان گەلێ لەوەی کە بە گەلەکەمان راگەێندراوە خوێناویترو ناکاریگەرترە. ئەمە شەرمەزارییە، ناوزڕاندنی ئمپراتۆریەکەمانە و بەمزووانە ئەم نالەبارییە بە دۆخێک دەگا کە چارەی نەبێ. ئەمڕۆ لە کارەسات نزیکین ...... گوتمان روو لە میسۆپۆتامیا دەکەین تا تورکیا بشکێنین. گوتمان دەمێنینەوە تا عەرەب لە ستەمی دەسەڵاتی تورک رزگارکەین و دەروازەی دەغڵودان و نەوتی میسۆپۆتامیا بۆ جیهان والاکەین ...... دەڵێین لە میسۆپۆتامیان تا پێشیخەین و بیکەین بە چاکترین شوێنی جیهان ....... ئایا تاکەی کوشتنی دەها هەزار شارنشین و گوندنشینی ( بەچەشنی رووداوەکانی ئەم هاوینە) رێ لە بەرهەمهێنانی گەنم و لۆکە و نەوت دەگرێت ؟ تاکەی رێبدەین ملیۆنەها پاوەند و هەزارەها سەربازی ئمپراتۆریەتەکە و دەها هەزار عەرەب بەقوربانی دەسەڵاتێکی کۆلۆنیالیستانە بکرێن؟ کە جگە لە بەرێوەبەرەکانی سوودی بۆ کەسی دی نییە ؟

چێرچل، کە لەو سەردەمەدا وەزیری بەرگری بوو، کەوتبووە بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی  ئەگەری دەسهەڵگرتن لە پرۆژەکە ( میسۆپۆتامیا / وەرگێر ) بەڵام سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا  Lloyd George قەبووڵی نەکرد (( گەر بەریتانیا، بهاتایە ئەو وەختە ناوچەکەی جێهێشتایە، پاش چەند ساڵێک بۆیان دەردەکەوت کە  **ئارەزومەندانە** یەکێ لە دەوڵەمەندترین ناوچە نەوتیەکانی جیهانیان بۆ فەرەنسی و ئەمریکیەکان جیهێشت )) .

بۆ چارەسەرکردنی رەوشەکە بریاری دامەزراندی پادشایەتیەک درا لە ناوچەکەدا. بۆ ئەرکی پادشایەتی، بەریتانیا وەک پاداش و سوپاسێک بۆ بەشداریکردنی لە شەڕی دژ بە تورکیا، میر فەیسەڵی هاشمیی هەڵبژارد، (کە پاش دەکردنی لە سوریا لەلایەن فەرەنسیەکانەوە ساڵێک بوو لە تاراوگە دەژیا). بەڵام، لەراستیدا، جگە لە مەسەلەی پاداش بەریتانیا دوو مەبەستی کەشی هەبوو لە هەڵبژاردنی فەیسەڵدا:

- لەبەر ئەوەی فەیسەڵ لە نەوەی پێغەمبەر بوو، بەریتانیا، روخسارێکی نەتەوەی و دینی تێدا دیت کە بۆ ئەم کارە لەناو خەڵکدا رەوایی و شەرعیەت بە دەسبێنێت.
- دەبێتە پادشایەک کە هەمیشە پێویستی بە پشتگیری بەریتانیا دەبێت.

جا بۆ خوڵقاندنی ئەم پارسەنگە، بەریتانیا ، هاوکاتی جێنشینکردنی فەیسەڵ کەوتە پشگیریکردنی ئەو شێخ و سەرۆک هۆزانەی کە دژ بە هەوڵەکانی فەیسەل بوون بۆ گەشەپێدانی وشیاریی نەتەوەیی و بەهێزکردنی دامودەزگا دەوڵەتیەکان. بەم کارە بەریتانیا پادشایەتییەکی بەدیهێنا (( کە لە تاکە خێڵێک بەهێزتربێت، بەڵام نەتوانێ بەرهەڵستی بەرەی چەند هۆزێک بکات)) .

## دۆزی موسڵ و مەنداتەکەی بەریتانیا

**بەپێی پەیمانی سایکس پیکۆ Sykes-Picot دەبوایە ویلایەتی موسل کە دەکەوێتە باکووری میسۆپۆتامیا، بە کوردی دانیشتویەوە، بکەوێتە ژێردەستی فەرەنسا. بەڵام بەریتانیا پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کە ناوچەکە نەک تەنها نەوتی زۆرە، بەڵکو سەرچاوەیەکی گرنگی گەنم و خۆراکی بەغداشە،**

**پەیمانەکەی شکاند و لە نۆڤەمبەری 1918 دا ئەم ناوچانە بە شاری سلێمانی ( کە دەکەوێتە باشووری ناوچە کوردیەکان ) و ناوچەی کەرکوکی پڕ نەوتەوە ، لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە داگیرکران.**

سەرۆک خێڵە کوردەکان، کە لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا، ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوانیان پێ بەخشرابوو، ئارەزوودار نەبوون بکەونە ژێر رکێفی دەسەڵاتی بەریتانیەوە. بۆیە پاش ماوەیەکی کەم لەم ناوچەیەدا، هێزی بەریتانیا وەک هێزێکی داگیرکەر و خۆداسەپێنەر نیگا دەکرا . ساڵێک پاش هاتنیان، واتە لە 1919 دا بەریتانیا ناچاربوو فرۆکە بەکاربێنێت و هێزی کوردە یاخیبووەکان بۆمباباران کات. بەریتانیا لە یاداشتنامەیەکیدا بۆ یەکیەتی نەتەوەکان بەیانیکرد کە :

(( کورد لە عیراقدا، هیچ جۆرە یەکیەتییەکی رامیاریان نییە، کە ئەمەش پێویستە بۆ بەدی هێنانی بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆ. رێکخراو و هەڵوێستیان لەسەر پایەی خێڵ دامەزراوە. نە داب و نەریتی خۆ بەڕێوەبردنیان هەیە و نە داب و نەریتی دامەزراوەی خۆ بەڕێوەبەر. شێوەی ژیانیان سەرەتاییە و زۆربەیان نەخوێندەوار و جاهیلن. گومان لە گشت جۆرە دەسەڵاتێک دەکەن و بێ دسپلین و بێ هەستی بەر پرسیاریەتین)).

تا بارودۆخ ئاسایی کەنەوە، بەریتانیەکان بڕیاریان دا کە ناوچەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێی سەرۆک خێڵەکانەوە بەڕێوەبەرن. سەرۆک هۆزەکان، بەرابەر بە ئەرکی باج کۆکردنەوە و پشتگرتنی بەڕێوەبەرایەتی بەریتانی و بەرهەڵستکردنی داواکاریەکانی تورکیا بۆ کۆنترۆلکردنی ناوچەکە، ئمتیازاتێکی گەلێ بەرفراوانیان پێ بەخشرا. لەوانەش شێخ مەحمود بەرزنجی کە کرا بە حاکمی هەرێمی سلێمانی.
پاشماوەیەک، شێخ مەحمود، بە سوود وەرگرتن لە وەزیفە نوێکەی و پلەی وەک سەرۆکی تەریقەی سۆفیانەی قادری خۆی وەک پادشای کوردستانی گەورە راگەیاند و فەرمانی جیهادی دژ بە بەریتانیا دا. یاخیبوونەکە لە مانگی 6 ی 1919 دا خامۆشکرایەوە و مەحمود رەوانەی تاراوگە کرا.

کۆمارە نوێ دامەزراوەکەی تورکیا ، رەفزی کرد کە دان بە مەنداتی بەریتانیدا لە ناوچەی موسلدا بنێ. لەشکری تورکی سنووری بەزاند و هەولێر و کەرکوکی گرت. کە کەوتنە تەهدیدکردنی ناوچەکانی باکووری سلێمانی، بەریتانیا بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی تورکیا و بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی ناردی بەرزنجی لە تاراوگە هێنایەوە. سەرلەنوێ شێخ مەحمود خۆی وەک پاشای کوردستان راگەیاند و توانی چ بەزۆرلێکردن بێت چ بە بەرتیلدان، خێلەکان بۆ بەرهەڵستکردنی تورکیا لە دەوری خۆی کۆکاتەوە. لەشکری تورکی شکا و شێخ مەحمود هەمیسان رەوانەی تاراوگە کرایەوە.
لەگەڵ بەهێزبوونی بەرهەڵستی کوردەکان بۆ دەسەڵاتی بەریتانی، ستەمکاری و زۆرداری بەریتانیاش رووی لە کشانکرد و فرۆکە و چەکی کیمیاوی لەلایەن لەشکری بەریتانیەوە دژ بەکوردەکان بەکارهات. فرۆکەوانێکی بەریتانی Arthur Harris ، کە پاشان لە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووهەمدا شاری Dresden ی کاولکرد و نازناوی Bomber Harris لێنرا، لە 1924 دا دەنووسێ : (( ئێستا عەرەب و کورد دەزانن واتای بۆمباباران چییە و چ کوشتارو ماڵکاولییەکی لە پاشە. بە 45 دەقە گوندێکی مەزن کاولدەکرێت و سێ لەسەر چواری دانیشتوانی دەکوژرێن و زامداردەکرێن )).

کوردستانی عیراق بوو بە تاقیگەیەکی چەکی نوێ، بە چەکی کیمیاوییەوە، کە هێزی ئاسمانی بەریتانی گۆڕانی تێداکرد تا بتوانرێ لە ئاسمانەوە دژ بە چەکدارانی خێڵەکان بەکاربێت. چرچل کە ئەودەمە وەزیری بەرگری بوو، پێی وابوو کە گازی کیمیاوی دەشێ دژ بەکورد بەکاربهێنرێ، دەیگووت : تێناگەم ئەم حەساسیەتە بەرامبەر بە بەکارهێنانی گازی کیمیاوی چییە. من لایەنگرێکی بەهێزم بۆ بەکارهێنانی ژەهر دژ بە خێڵی دواکەوتوو.
بەکارهێنانی ئەم جۆرە میتوودە، لە دیدی Churchill وە : کەرەستەیەکی زانیستییە کە نابێ لە بەر مەحکومکردنی ناشارەزایانەی کەسانێکی دیدەکورت ، راگیرێت. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، بەپێی چرچل:

**هەرچەندە بەکارهێنانی وەک چەکێک لە ئاسمانەوە بێ کێشە نەبوو، بەڵام سەلماندی کە کاریگەرییەکی دەروونی مەزنی هەیە. بەبێ هێزی ئاسمانی بەریتانیا پێویستی بە 25000 سەبازی بەریتانی و 80000 سەربازی هیندی بوو  بۆ کۆنترۆلکردنی عیراق، بەڵام ئەمڕۆ 4000 ی بەریتانی و 10000 هیندی کفایەتە.**

بۆ سوود وەرگرتن لە کات و رێگرتن لە یاخیبوونە بەردەوامەکانی کورد، بەریتانیا و فەرمانڕەوایی عیراق بەڵێنی ئۆتۆنۆمیەکی کوردییان لە چوارچێوەی سنووری عیراقدا، دا. لە دیسەمبەری 1922 دا، یاداشتێکی ئەنگلۆ/عیراقی لە لەندەن مۆرکرا، دەقی یاداشتنامەکە بەم جۆرەبوو :

**(( حکومەتی پادشایی بەریتانیا و حکومەتی عراق، دان بە مافی کوردی عیراقدا دەنێن کە لە چوارچێوەی سنووری ئەو دەوڵەتەدا، حکومەتێکی تایبەت بەخۆ دامەزرێنن و هیوادارین، کە ئەلەمێنتە کوردییە جیاوازەکان بە زووترین کات لە ناو خۆیاندا لەبارەی پێکهاتەی حکومەتەکە و سنووری دەسەڵاتیدا بە ئەگریبوونێک بگەن و شاندێکی بەرپرسیان رەوانەی بەغدا کەن بۆ باسکردنی جۆری پەیوەندیە ئابووری و سیاسیەکانیان لەگەڵ حکومەتی پادشایی بەریتانیا و وحکومەتی عیراقدا. ))**

بێ گومان ئەم یاداشتە مایەی نارەحەتی بوو بۆ فەیسەل، چوونکە دژ بەو پەیمانە بوو کە بەریتانیا بە شا فەیسەلی دابوو. بەڵام مەندوبی باڵای بەریتانی سێر Percy Fox ، شای لەوە دڵنیاکردەوە کە ئەم راگەیاندنە بەهیچ شێوەیەک واتای ئەوە نابەخشێ کە ناوچە کوردیەکان چ لە باری ئابووریەوە یاخود سیاسیەوە لە عیراق جوودادەکرێنەوە. جگە لەوەش روونیکردەوە کە، لە دیدی ئەوەوە،  ئەگەری پێکگەیشتنی ( ئەلەمێنتە کوردیە جیاوازەکان ) یەکسانە بە سفر.

چوار ساڵ پاش ئەم یاداشتە و پاش مەحکەم بوونی کۆنترۆلی بەریتانی لە ناوچە کوردیەکاندا یاداشتێکی نوێی ئەنگلۆ/عیراقی، بەم دەقەی خوارەوە،  راگەیەندرا:

**(( لەبەر فەشەلی تەواوی لایەنە کوردیەکان، کە تەنانەت ، پاش راگەیاندنی یاداشتنامەکە، هەوڵیشیان نەدا کە بە رێکەوتنێک بگەن یاخود پێشنیارێکی کۆنکرێت پێشکەشکەن. هەردوو حکومەتی پادشایی بەریتانیا و عیراق بەتەواوی ئازادکران لە سۆز و بەڵێنی رێدان بە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی.))**

ئەمانە تاکە کێشەی ولایەتی موسل نەبوون، چوونکە ، داگیرکردنی وڵایەتی موسل دژ بەو پەیمانی ئاگربەستە بوو کە لە نێوان بەریتانیای مەزن و دەوڵەتی عوسمانیدا مۆرکرابوو، و ئەم ویلایەتە ، بەشێک بوو لەو ناوچانەی کە شاندی تورکی لە کۆنفرانسی لۆزاندا ( کە لە نۆڤەمبەری 1922 گیرا ) داوای مانەوەی دەکرد لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا.

لایەنی تورکی، بۆ سەلماندنی داواکاریەکانی، جەختیان لەسەر کۆمەڵێ هۆو زەمینە دەکرد، لەوانەش:

- عەرەب ، کەمایەتیەکی بچووکن لەم ناوچەیەدا، کە تورکومانێکی زۆری تێدا دەژی.
- کورد و تورک هاورەگەزن و ناکرێ لێک جودابکرێنەوە.
- زۆربەی پەیوەندیە بازرگانی و ئابووریەکانی ناوچەکە رووی لەباکوورە و بە ئەناتۆلیا بەستراوەتەوە.
- داگیرکردنی بەریتانیا بۆ ناوچەکە، نایاساییە، و پاش مۆرکردنی پەیمانی ئاگربەستن لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا ئەنجامدراوە.
- خەڵکی ناوچەکە خۆیان داوادەکەن کە بەشێک بن لە تورکیا.

بۆ وڵامی  تورکەکان بەریتانیا کۆمەڵێ دژبەڵگە و ئەرگومێنتی پێشکەشکرد، لەوانەش:

- کورد نەتەوەیەکی هیندۆئۆروپییە، و  هیچ جۆرە خزمایەتیەکی رەگەزی لەگەڵ تورک نییە.
- زۆربەی پەیوەندیە بازرگانیەکانی ناوچەکە لەگەڵ باشوورە، نەک لەگەڵ ئەناتۆلیا.

● حکومەتی بەریتانی، لەلایەن یەکیەتی نەتەوەکانەوە، مەنداتی بەڕێوەبردنی ناوچەکەی پێبەخشراوە.
● هەستانەوە یەک بەدوا یەکەکانی کورد دژ بە دەوڵەتی عوسمانی لە 1800 کاندا، نیشانەی ئەوەن کە کورد نەیانویستووە لەژێر دەسەڵاتی توركدا بژین.

لەندەن داواکاری تورکیای بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمێک لە ناوچەکەدا قەبوولنەکرد. دۆزەکە بەرزکرایەوە بۆ یەکیەتی نەتەوەکان لە جنێڤ، کە تورکیا ئەندامی نەبوو. بەر لەوەی کێشەکە لە یەکیەتی نەتەوەکاندا باسبکرێت کۆمەڵێ شەڕو پێکدادان لە نێوان لەشکری بەریتانی و تورکدا روویدا و بوونە مایەی ئەوەی کە بەریتانیا ئۆلتیماتوم ( دوائینزار ) بە تورکیا بدات و داوای کشانەوەی هێزەکانی بکات. لە سپتەمبەری 1924 دا، کە یەکیەتی نەتەوەکان دەستی بەباسی کێشەکە کرد، بڕیاردرا کۆمیسیۆنێکی لێکۆڵینەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنووری نێوان عیراق و تورکیا بە سەرکردایەتی دبلۆماسی سویدی Einar af Wirsén دامەزرێت. لە هاوینی 1925 دا، ئەم کۆمیسیۆنە لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەش کرد کە تیایادا، پێشنیاری کۆمەڵێ ئەلتەرناتیڤی جیاواز کرابوو بۆچارەسەرکدنی کێشەکە .

پێشنیاری سەرەکی کۆمیسیۆنەکە ئەوەبوو کە، ولایەتی پێشووی موسل بەتەواوی ببێت بە بەشێک لە عیراقی ژێر مەنداتی بەریتانیدا. بەمەرجێک کە کورد تیایادا خاوەن ئۆتۆنۆمی بێت، و ماوەی مەنداتەکە بە مەبەستی بەدیدهێنانی فەرمانڕەوایەتییەکی پتەو و جێگیر 25 ساڵ بێت.
گەر هاتو ئەم مەرجانە، جێبەجێ نەکران، پێشنیاردەکرێ، کە ناوچەکە ، جگە لە بەشە هەرە باشووریەکەی کە بۆ ئاودانی عیراق بێراده گرنگە، بخرێتەوە سەر تورکیا.
ئەگەری سێهەمیش ئەوەیە کە هەرێمەکە لە نێوان تورکیا و بەریتانیادا دابەشبکرێت و زابی بچووک کە لقێکی روباری فوراتە ببێتە سنووری نێوان دوو وڵاتەکە.

پاش ماوەیەک گفتوگۆ و هەوڵی بێ ئەنجام، ئەنجومەنی یەکیەتی نەتەوەکان، لە 1925 دا بڕیاریدا کە ئەو سنوورە کاتییەی لە کۆتاییەکانی جەنگەوە لە ئارادایە، وەک خۆی بمێنێتەوە . تورکیا نارەزایی خۆی بەرامبەر بەم پێشنیارە دەربڕی و گومانی بەرابەر بە شایەستەگی ئەنجومەنەکە نیشاندا. بەڵام ، لەگەل ئەوەشدا گفتوگۆی نێوان بەریتانیا و تورکیا هەر بەردەوام بوون. پاش ساڵێک ، گفتوگۆکان بە پەیماننامەیەکی نوێ گەیشتن کە تیایادا، بایی هەندێ دەسکاری هێڵە سنووریەکان کرابوون و سنووری نوێ، بوو بەسنوورێکی نێودەولەتی.
تورکیا لە مانگی شەشی 1926 دا، بڕیاری نوێی پەسندکرد، بەمەرجی ئەوەی کە بۆ ماوەی 25 ساڵ 10% ی داهاتی نەوتی ناوچەکە بۆ تورکیا بێت. ئەم مەرجە پاشان گۆڕا بە برە پارەیەک ، 700000 پاوەنی بەریتانی، کە بەریتانیا بەیەکجار بیدات بە تورکیا.

گەر بگەڕێینەوە بۆ راپۆرتەکەی af Wirsén ، دەبینین کە ئامادەکەری راپۆرتەکە بەرابەر بە داهاتوی دەوڵەتی عیراق نیگەرانی خۆی نیشاندەدات، و دەڵێ:
(( لەگەڵ بوونی نیەتی چاکی دەوڵەتمەدارانی عیراق، کە خبرەتی سیاسیان سنووردارە، بەڵام مەترسی سەرهەڵدانی کێشەی جدی دەکرێت لەم وڵاتەدا. لەلایەکەوە وەک ئەنجامێکی جیاوازی بۆچوونی سیاسی نێوان شیعەی باشوور و سوونەی باکوور، لەلایەکێشەوە لە ئەنجامی جیاوازی رەگەزیی نێوان کورد و عەرەب. ناوناوەش، وەک ئەنجامێکی هەوڵی کۆنترۆلکردنی دستەو خێلی پەشۆکاو و یاخیبوو. ))

پاش بڕیاری بەریتانیا لە 1930دا، **کە کۆتایی بە مەنداتی لە عیراقدا بێنێت**، یاخیبوونی کوردی سەریهەڵدایەوە. هەواڵی ئەوەی کە عیراق دەکرێ بە ئەندامی یەکیەتی نەتەوەکان، بێ جێبەجێکردنی داواکاری ئۆتۆنۆمی کوردەکان بووە هۆی سێهەم راپەرینی شێخ مەحمود بەرزنجی. ئەم راپەرینە لە لایەن هێزی ئاسمانی و زەمینی بەریتانیاوە شکێنرا و خودی شێخ مەحمود گیرا و هەمیسان لە باشووری عیراقدا خرایە خانەبەندییەوە ( House arrest ).

هەروەها شێخ ئەحمەدی بارزانیش ، لە سەرەتاکانی 1930 دا، لە ناوچەی بارزانی نزیک سنوورەکانی تورکیا، دەسەڵاتی دەوڵەتی عیراقی خستە مەترسییەوە. لەشکری عراقی، بە پاڵپشتی فروکەی بەریتانی، هێرشیان کردە سەر ناوچەکەو گوندە کوردنشینەکانیان وێرانکرد و خەڵکێکی سڤیلی زۆر بووە قوربانی. لە 1932 دا شێخ ئەحمەد تەسلیم بوو و خۆی و خانەوادەکەی ناچارکران ناوچەی بارزان جێهێڵن و روو لە سلێمانی کەن، لەوێش خانەبەند کرا. لەم هێرشەدا هێزی ئاسمانی پادشایەتی بەریتانی لە کۆی 2382 خانووی کە 79 گوندیان لێپێکدەهات ، 1365 تێکدا.

هەمان ساڵ، عیراق لەسەر پێشنیاری بەریتانیا بە ئەندامی یەکیەتی نەتەوەکان وەرگیرا و کۆتایی بە مەنداتی بەریتانی هات. بێگومان بەر لەوە لەندەن، کۆمەڵێ مافی مەودا درێژی بۆخۆی دابینکردبوو. بۆنموونە:

- هاوپەیمانیەکی 25 ساڵە، کە عیراقی پێبەند دەکرد کە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا راوێژکاری بە بەریتانیا بکا.
- یاریدەدانی یەکدی لە کاتی جەنگدا.
- لە کاتی پێویست بوون بە پسپۆری دەرەکی، بەرتری ( اسبقیە ) بۆ ئنگلیزە.
- بەریتانیا ئازادانە رووبارەکانی عیراق بەکاربێنێت.
- بەندەر و فرۆکەخانە و بنکەی فرۆکەوانی جەنگی، بەکرێ بدرێ بە لەشکری بەریتانی.

## کورد لە سەردەمی پادشایەتی عراقیدا

ئەودەمی کە بەریتانیا دەستی لە مەنداتی عیراق هەڵگرت، پادشایەتیەکی لاوازیان بەدی هێنابوو، کە تەنها لەلایەن نوخبەیەکی بچووکی سوونییەوە پشگیری دەکرا. ئەم پادشایەتییە لەبەر وابەستەیی بە بەریتانیاوە و بەربڵاوی گەندەڵی و زۆرداری و زەقتربوونی جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان، خاوەن پێگەیەکی جەماوەری لاوازبوو.

ناکۆکی نێوان گروپە نەتەوەیی و ئاینیە جیاوازەکان، رێی لە پایەگوزارکردنی دەسەڵاتیکی ناوەندیی بەهێز گرتبوو. دەگوترێ فەیسەل، پاش ماوەیەکی کورت لەسەر تەختی پادشایەتی ، بۆی دەرکەوتووە کە شتێک نییە بەناوی میللەتی عیراق، ئەوی هەیە کۆمەڵێ خەڵکە کە بەڕێوەبردنیان مەحاڵە و دژ بە هەموو جۆرە حکومەتێکن. جا ئەو حکومەتە هەرچۆنێک بێت و هەرکێیەک بێت فەرق ناکات. فەیسەل لە 1933 دا مرد و غازی کوڕی جێی گرتەوە. ئەمەیان بەر لە مردنی لە رووداوێکی ئۆتۆمبیلدا ساڵی 1939، تووشی کۆمەڵی کێشەو گێرەی تر هاتبوو. ئەمجارەیان نەک هەرکێشەی نێوان نەتەوەو ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان، پێویستی بە چارەبوو، بەڵکو کێشەی ناوخۆیی لە ناو گرووپە جیاوازەکانی وەک، شێعە و سوونە و کورد و تورکمان و یەزیدی و جولەکە و کۆمەڵێ مەسیحی مەزهەبی جیاوازیش سەری هەڵدابوو.
سەبارەت بە باکوور، پاش نەمانی مەنداتی بەریتانی و سەربەخۆیی عیراق، پادشایەتی عیراق، لە پێناو پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە دەسەڵاتی خێلە گەورەکانی کوردی (لە ناوچەکانی خۆیاندا) وەک خۆی هێشتەوە. ئمتیازاتی وەک باج کۆکردنەوە و بەرێوەبردنی دادگا عەشایریەکان لەدەستی خێلەکاندا مایەوە. تەنانەت ریفۆرمی کشتوکاڵیی زەوی دابەشکردنەوەش ( اصلاحی زراعی ) لەبەر دژایەتی سەرۆک خێلە دیارەکان، ئەنجام نەدرا.

لە ساڵانی سییەکاندا، لە عیراقدا، دوو شەپۆلی سیاسی تەشەنەیان سەند و بەهێزبوون. یەکیان، ناسیۆنالیزمێکی عیراقی، کە داوای دیموکراسیەت و ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و سەربەخۆیی ئابووری دەکرد. شەپۆلی دووەمیان شەپۆلێکی پانعەرەبیزمانە بوو (قەومی عەرەب)، کە لە ناو لەشکری عیراقدا بەهێزبوو. لە

دیدی ئەمانەوە، یەکگرتنەوەی وڵاتە عەرەبیەکان لە چوارچیوەی یەک دەوڵەتی عەرەبیدا، تاکە رێی ژیاندنەوەی مەزنیی عەرەب بوو.
وەک دژبەرێک بەم رەوتە پانعەرابیزمە ، کورد پارتی ( رزگاری ) دامەزراند. ئەم پارتە بەپێی پروگرامەکەی داوای سەربەخۆیی بۆ کورد دەکرد، بەڵام پەیوەندیکردنی خودی کورد بەم حزبەوە گەلێ کەم بوو. بە بەپێچەوانەی پارتی کۆمۆنیستی عیراق کە توانی گەلێ لە کوردی دانیشتووی شارەکان بەرەوخۆی راکێشێ. رووکردنی کورد لەم حزبە تەنها لەبەر ئەوە نەبوو کە کۆمۆنیستەکان داوای مۆدێرنزم و پێشکەوتنیان دەکرد، بەڵکو لەبەر ئەوەش بوو کە دژ بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی وەستان و داوای هاومافیان بۆ گشت کەمایەتیەکانی عیراق دەکرد.

لە 1936دا یەکەم کۆدێتا لە عیراقدا بەسەرکردایەتی ئەفسەرێکی کورد ( بەکر سدقی ) روویدا. بەڵام بەکر سدقی ناسیۆنالیستێکی کورد نەبوو، بەڵکو سەر بە شەپۆلی ناسیۆنالیزمی عیراقی بوو و دژ بە پانعەرەبیستەکان ( قەومیە عەرەبەکان ) بوو.
هەر لەو ماوەیەدا لەناو خێڵەکانی باکوری عیراق ( کە هەمیشە مایەی نیگەرانی بوون بۆ عیراق) سەرکردەیەکی نوێ سەریهەڵدا. ئەویش براکەی ئەحمەد بەرزانی بوو، واتە مەلا مستەفا بارزانی کە تا 1979 یەکێ لە ناسراوترین سەرکردە کوردەکان بوو. بارزانی لە 1942 دا سەرکردایەتی یاخیبوونێکی کرد کە لەشکری عراق تەنها بە یارمەتی لەشکری بەریتانی و ئەو خێڵە کوردانەی کە لە دژ ماڵی بارزانی پاڵیان بە حکومەتەوە دابوو، توانیان بیشکێنن. بارزانی ناچارکرا روو لە ئێران کات و لەوێ لە نێوان ساڵانی ( 1945-46 ) رۆلێکی سەرەکی هەبوو لە دامەزراندنی کۆمارە کورت تەمەنەکەی مەهاباد ( بروانە بەشی ئێران ).

## كێشەی كورد پاش هەرەسی پادشایەتی

کە رژێمی پادشایەتی عیراق لە 1958 لە ئەنجامی کۆدێتایەکی سەربازیدا روخا، هەلێکی نوێ بۆ کورد رەخسا. مستەفا بارزانی لە تاراوگە گەرایەوە و سەرۆکی کۆدێتاکە عەبدولکەریم قاسم ، کوردی وەک هاوپەیمانێک دیت دژ بە هێزە پاشایەتیخوازەکان و ئۆپۆزسیۆنەکانی رژێمی نوێ. بارزانیش لەلایەن خۆیەوە " پشتگیری خۆی بۆ هاوکاری کوردیی – عەرەبی " راگەیاند، و کەوتە یارمەتی دانی رژێمی نوێ دژ بە بەعسی و قەومی و کۆمۆنیستەکان. لە دەستووری نوێدا، بۆ یەکەم جار لەمێژووی دەوڵەتی سەربەخۆی عیراقدا، حکومەتێکی عیراقی دانی بە مافە نەتەوەیەکانی کورددا نا :
(( بنەمای کۆمەڵگای عیراق لە سەر هاوکاری تەواوی گشت هاوڵاتیان و رێزگرتن لە ماف و ئازادیەکانیان دارێژراوە. عەرب و کورد هاوپەیمانن لەم نەتەوەیەدا و دەستوور مافە نەتەوەییەکانیان لە چوارچێوەی عیراقدا مسۆگەردەکات. ))

ئەم هاوپەیمانییە، درێژخایەن نەبوو. پاش چەند ساڵێک قاسم، ترسی ئەوەی لێنیشت کە هێزی کورد بگاتە رادەیەک کە بتوانن کار لە بڕیاری سیاسی بەغدا بکەن. بۆیە رژێم لەبری ئەوەی بەڵێنەکانی جێبەجێکات:
1 - لە پێناو بەدی هێنانی بەلانسێکی نوێ بەرابەر بە هاوپەیمانێک کە متمانەی پێی نەمابوو . دەستی بە چەکدارکردنی کۆمەلێ خێڵی کورد کرد.
2 – راگەیاندنی یاسای ریفۆرمی کشتوکاڵی ( یاسای ئیسلاحی زراعی ) کە زیانی بە زەویدارانی کورد دەگەیاند.
وەک ئەنجام پەیوەندیەکان پتر روویان لە گرژی کرد. یەکەم وەڵامی بارزانی بۆ هەنگاوەکانی حکومەت، لێدانی عەشیرەت و گرووپە کوردیەکان بوو کە لەلایەن حکومەتەوە چەکدارکرابوون.
حوکمی قاسم لە 1963 دا ، لەئەنجامی کۆدێتایەکی لەشکری بە سەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف روخێندرا. خودی عەبدولسەلام 1966 لە ئەنجامی کەوتنی ئەو فڕۆکەی کە دەیگواستەوە، گیانی لە دەسدا و

موشیر عەبدەلرەحمان عارفی برای جێی گرتەوە. عەبدولرەحمانیش لە 1968 لە ڕێی کۆدێتایەکەوە لە حکوم لادرا و حزبی بەعس دەسەڵاتی گرتەدەست.

جێی خۆیەتی کە ئامژە بۆئەوەبکەین، کە ناکۆکیەکانی نێوان بارزانی و حکومەت، پاش روخانی قاسمیش هەر بەردەوام بوون. لە ماوەی نێوان 1961 – 1969 چوار هەڵمەتی لەشکری مەزن کرایە سەر کوردەکان لە باکوور. کە دوو لایەنەکەی شەڕ شەکەت دەبوون، دەست بە گفتووگۆ دەکرا و بەڵێنی ئۆتۆنۆمی دەدرا، ئەم بارە تا ئەوکاتە بەردەوامدەبوو کە لایەنێکیان هەستی دەکرد لەوی تر بەهێزترە، هێرشدەکرا و شەڕدەستی پێدەکردەوە. هاوکات، بەدرێژایی ساڵانی 60 تەکان، و بەمەبەستی تۆقاندن، هێرشی بارزانی دژ بە هۆز و گرووپە کوردیە نەیارەکانی بەردەوام بوو. وەک ئەنجام، چەند عەشیرەتێکی بچووک پەیوەندیان بە بارزانییەوەکرد، بەڵام بەشە زۆرەکە پەیوەندیان بە بەغداوە کرد و جگە لەوەش، یەکێ لەوکەسایەتیانەی کە لەم ماوەیەدا ناچارکرا (پ د ک)ی بارزانی بەجێبهێڵێ، جەلاڵ تاڵەبانیەک بوو، کە پاشان دەورێکی سەرەکی دەبینێ لە سیاسەتی عیراقدا و ئەمڕۆ سەرۆک کۆماری عیراقە.

1970 حزبی بەعس، پاش شکانی لە هەڵمەتە لەشکریەکان بەو قەناعەتە گەیشت کە ئاسوودەیی ناوچە کوردیەکان مەرجە بۆ بەدیهێنانی عیراقێکی بەهێز کە بتوانی بیروباوەڕی پان عەرابیزمانەی حزبی بەعس بڵاوکاتەوە . بۆیە لەوساڵەدا پرۆژەی ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوانی پێشکەش بە کوردەکان کرد. لەم گفتوگۆیانەدا، جێگری سەرۆک کۆمارەی ئەودەمای عیراق سەدام حوسێن نوێنەرایەتی عراقی دەکرد و مستەفا بارزانی هی کوردان. هەردوو لایەن باسی پەرەیەکی نوێیاندەکرد لە پەیوەندیە عەرەبی – کوردیەکاندا. ئەم پرۆژەی ئۆتۆنۆمییە ئەوەندە بەر بەرین بوو کە سوریا و تورکیا و ئێرانی تووشی نیگەرانی کردبوو.

ئەم ئۆتۆنۆمییە، بەشێوەیەکی فەرمی ، گشت داواکاریە کوردیەکانی جێبەجێدەکرد، لەوانە :

1 – زمانی کوردی لەتەک زمانی عەرەبیدا لە گشت ئەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردبوون دەبووە زمانی فەرمی . هاوکات وەک زمانی دووهەمی عیراق لە بەشەکانی تری وڵاتدا دەخوێندرا.
2 – کورد پۆستی باڵایان دەدرایە لە حکومەت و لەشکردا.
3 – پشگیری کردن و بەهێزکردنی کەلتووری کوردی و سیستێمی خوێندنی کوردی . زانکۆیەکی کوردی لە سلێمانی بنیادنرا.
4 – کارمەندانی دەزگا دەوڵەتیەکان، لە ناوچە کوردیەکاندا، یان کورد دەبن. یان کوردی زان.
5 – کورد بۆیان هەیە رێکخراوی، لاوان و قوتابیان، و مامۆستایان و ژنانی خۆیان دروست بکەن.
6 – جەژنی سەری ساڵی کوردی ( نەورۆز ) بووە پشوویەکی فەرمی (عوتلەیەکی رەسمی ) لە عیراقدا.
7 – ریفۆرمێکی کشتوکاڵی جێبەجێدەکرێ.
8 – یەکێ لە دوو جێگرەکەی سەرۆکۆمار کورد دەبێ.
9 – ناوچەی کوردی دەکرێ بە یەکەیەکی خۆبەڕێوەبەر.

بۆ جێبەجێکردنی پەیمانەکە، دەستەیەکی کار لە 4 عەرب و 4 کورد پێکهات. هاوکات 3 کوردی سەر بە حزبەکەی بارزانی کران بە پارێزگاری سلێمانی و هەولێر و دهۆک. گوندە کاولکراوەکان دروستکرانەوە. هێزی پێشمەرگە، لەلایەن حکومەتەوە وەک پاسەوانی سنوور دامەزران. دەستووری ناوخۆ گۆرانی بەسەرداهات : ( **میللەتی عیراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت . نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد، ....** )

لەگەڵ ئەمانەشدا، پەیمانی 1970 جێبەجێنەکرا :

- هەر لەسەرەتاوە لە سەر دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناتەبایی سەری هەڵدا.
- بەغدا سووربوو لەسەر ئەوەی کە کەرکوک و ناوچە نەوتیەکانی دەورووبەری موسل بەشێک نابن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی.
- ئاشکرا دەرکەوەوت کە بەندەکانی تایبەت بە دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی بەپێی تەرجومەیی بەعسیەکان بێبنەما بوو، و مەبەستی سەرەکی بەعس لەبەشدرای کورد لە پۆستە سیاسیەکاندا تەنها شەرعیەتدانبوو بە بڕیارە سیاسیەکانی خۆی.
- پاڵێوراوی کورد بۆ پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار ( حەبیب کەریم ) لە لایەن بەعداوە رەفزکرا.
- چەندین هەوڵی کوشتنی مستەفا بارزانی درا، کە بێگومان دەستی بەغدایان تێدا بوو.
- بارزانیش لەلایەن خۆیەوە، سەدام حسێنی بەوە تاوانبارکرد، کە پلانرێژانە دیموگرافیای ناوچەکوردیەکان دەگۆڕێ و عەرب لە باشوورە شیعەکەی عیراقەوە دەگوازێتەوە ناوچە کوردیەکان.
- 1973، هەندێ بەرخورد و شەروشۆر لەنێوانیاندا روویدا.

چوار ساڵ پاش مورکردنی مانیفێستۆی ئۆتونۆمی، سەدام حسین یەک لایەنانە، پرۆژەیەکی نوێی ئۆتۆنۆمی پێشکەشکرد و مۆڵەتی دوو هەفتە بیرکردنەوەی بە بارزانی دا. بەپێی ئەم پرۆژە نوێیە :

- کەرکوک بەشێک نەبوو لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی.
- واتای دەسەڵاتی ناوچەیی سەربەخۆ، بە تەواوی شێوێندرابوو. بۆ نموونە، دەیگووت: دەسەڵاتی ناوەندیی مافی ئەوەی هەیە کە ( رێنمایی گشتی ) بە دەزگا جیاوازەکانی بەڕێوەبەرایەتی کوردی بکات. ئەندامێکی دەسەڵاتی ناوەندی، بەپلەی جێگری وەزیر، مافی دەبێ کە بەشداری گشت کۆبوونەوەکانی حکومەتی ناوچەکە بکات و وەزارەتی داد مافی رخنەگرتنی هەیە لە بڕیارەکانیان و ئەنجومەنی باڵای شۆرش مافی بەتاڵکردن و ئیلغاکردنی بڕیارەکانیانی هەیە.
بەرزانی گۆڕانەکانی پەسەندنەکرد. کە بۆ هەردوولا ئاشکرابوو پەیمانی ئۆتۆنۆمی سەرناگرێ، هەمیسان هێزەکانیان بەرابەر بەیەک وەستانەوە.

عیراقێکی یەکگرتوو و بەهێز نە لە بەرژەوەندی ئیسرائیل دابوو نە هی ئەمریکا. ئامانجی ئەمانە لاوازکردنی رژێمی عەسکەریی بەغدا بوو. لە 1972 دا مۆرکردنی پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان عیراق و سۆڤیەت، بووە مایەی ناردنی چەک لە لایەن ئەمریکا و ئسرائیلەوە بۆ هێزە کوردیەکان. کار بەمە نەوەستا، ئێرانیش کە کێشەی سنووری شەتولعەربی لە گەڵ عراقدا هەبوو بۆ زۆرکردن لە عیراق ، کەوتە یارمەتیدانی لەشکریی و ئابووری بە بارزانی . عیراقیش لە لایەن خۆیەوە، بە یارمەتی سۆڤیەت خۆی بۆ جەنگی کورد ئامادەکرد. کە ئەم جەنگە لە 1974 دا هەڵگیرسا، رژێمی عیراق، 8 لەشکری (فرقە) ، کە بە گشتی لە 120 هەزار سەرباز، 800 لە 900 تانکەکەی لەشکری عیراق، 20 بەتالیۆنی تۆپهاوێژ، و سەدەها فرۆکەی جەنگی پێکهاتبوو ، دژ بە 50 هەزار پێشمەرگەکەی بارزانی رەوانەی بەرەکانی شەڕکران. لە کۆتایەکانی هەمان ساڵدا، هێزی کورد ناچاری پاشەکشێ بەرەو ناوچە سنووریەکانی ئێران و تورکیا کرابوو.
گورزی کوشندە بۆ یاخیبوونە ئۆتۆنۆمی خوازەکەی کورد، لە 6 مارسی 1975 دا وەشێندرا، کە سەدام حسین و شای ئێران لە کۆبوونەوەیەکی ئۆپکدا لە جەزائیر لە ناکاودا پەیمانی ( دیاریکردنی سنوورە ئاویەکانی نیوان دوو وڵاتەکەیان) مۆرکرد. ئێران بە مورادی خۆی گەیشت. بەڵام بەرابەر بەمە دەبوایە ئێران گشت جۆرە یارمەتیدانێکی هێزە کوردیەکان راگرێت. کە ئێران ئەمەی کرد، CIA و مۆساد یەکسەر راوێژکارەکانی خۆیان کێشایەوە و یارمەتی سەربازی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ کورد وەستا.

بەر لەوەی شەڕی 74 دەست پێبکاتەوە، بارزانی گوتی : (( ئێمە متمانە بە شا ناکەین، بەڵام من باوەڕ بە ئەمریکا دەکەم. ئەمریکا هێزێکی جیهانی مەزنە، زۆرلەوە گەورەترە کە خیانەت لە کورد بکات)). بێگوومان ئەمە هەڵسەنگاندنێکی گەلێ هەڵەبوو. چوونکە رووداوەکان دیسان سەلماندیان ( کە تاکە دۆستی کورد تەنها چیاکانیەتی ) .

تەعلیقی وەزیری دەرەوەی ئەودەمی ئەمریکا ، هێنری کیسنجەر، لەبارەی کشانەوەی لەپری ئەمریکا و پشتبەردانی کورد ئەمرۆ لەبوارە سیاسیەکاندا بووە بە نموونە و پەند : ( یارمەتیەکی سەربازی سری ، نابی وەک کاری خێرخوازانەی کەنیسەکان تێبڕوانرێ )

وەک ئەنجامی ئەم رووداوە. سەدەها هەزار کورد، لە ناچاریدا، پەنایان بەرەو ئیران برد و چەندانێکیش خۆیان تەسلیم بە هێزەکانی عیراق و چارەنووسێکی نادیار کردەوە. خودی بەرزانی بوو بە پاناهەندە لە ئەمریکا و لەوێ وەک مرۆڤێکی شکاو پاش 4 ساڵ ( بەڵام پاش شادبوونی بە هەرەسی رژێمی شا ) بە نەخۆشی شێرپەنجە مرد.
زوونێکی ئاسایش بەدرێژایی سنووری عیراق لەگەڵ ئێران و تورکیا و سوریا دروستکرا. بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە نزیکەی 1500 گوندی کوردی تێکدرا و دانیشتوانی دەرکران. هاودەم نزیکەی 300 هەزار کورد بەتۆبزی راگوێزی باشووری عیراق کران.

**مێژووی پاش ئەم هەرەسە خاپورکەرە، دەتوانین لەم دیاردانەدا کورت کەینەوە:**

هەندێ گروپی پچووک پچووکی کوردی ، لە شێوەی جەنگی گریلایدا، لە ناو عیراقدا بەردەوامیان بە چالاکیەکانیاندا.
هاوینی 1976 جەلال تالەبانی لە دیمەشقەوە، پەیامی دامەزراندنی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستانی ( PUK ) راگەیاند. تاڵەبانی ( تاوانی هەرەسی خستە ئەستۆی بارزانی فیوداڵ وسەرکردایەتی خێڵەکایەتی ).
ئەم رێکخراوە، PUK ، بەشێوەیەکی سەرەکیی لەناو خێڵە سۆرانیەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستانی عیراق تەشەنەی سەند. واتە ئەو ناوچانەی کەسەر بە تەریقەی سوفی قادری بوون. ئەما مەڵبەندی بارزانی بەشێوەیەکی سەرەکی دەکەوتە بەشی باکووری رۆژئاوا، واتە ناوچەی کرمانجیزارەکان و تەریقەتی نەقشبەندی.
یەکیەتی هەر لە 1979 دا دابەش بوو. بەشی گەورەی جودابووەکان، لەگەڵ گروپێک کە لە (پ د ک) ی بارزانی جوداببوونەوە، رێخراوێکی نویان بە ناوی ( حزبی سۆسیالیستی کوردستان ) دروستکرد.
ئدریسی کوڕی مستەفا بارزانی لە ئێرانەوە کاریدەکرد و هاوکات یارمەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دەدا دژ بە کوردی ئیران کە لە رێگەی حزبەکەیانەوە، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، خەباتیان بۆ ئۆتۆنۆمی کورد دەکرد لە ئێراندا .
هاوکات، عیراق سیاسەتی تەعریبی ناوچە نەوتیەکانی دەوروبەری موسل و کەرکوکی چڕترکرد و کورد وتورکومانی رەوانەی باشووردەکرد و عەرەبی لەبر جێنشین دەکردن.

**فاکتەرێکی تری کە بارودۆخی بەرەکانی ئەم قۆناغە نوێیەی ئالۆزترکردبوو، کوردی سەر بە رژێم بوو.**
ئەمانە لەلایەن رژێمەوە بە فورسان ( سووارە ) دەناسران، بەڵام کورد ناوی جاشی ( جاشەکەر ) لێنابوون. ژمارەی ئەم گرووپە، دەگەیشتە 250 هەزار کەس ، یان دەتوانین بڵێن 3 بەرابەری پێشمەرگەی پارتی و یەکیەتی . ساختمانی ئەمانە بەپێی سیستێمێکی تایبەت داڕێژرابوو : سەرۆک خێڵەکە، چەکدارەکانی لە خزمەت رژێمدا دادەنا و بەرابەر بە گشت چەکدارێک برێ پارەی وەردەگرت. ئەم چەکدارانە، نە خزمەتی سەربازیان دەکرد، و نە دەنارردرانە ئۆردووگا سەربازیەکان. واتە دەیانتوانی بەردەوامی بە ژیان و کاروباری رۆژانەیان بدەن. ئەم دەستانە، هەرچەندە رادەی ئامادەباشیی سەبازیان گەلێ نزمبوو و خراپ چەکدارکرابوون، بەڵام بۆ رژێم جۆرێک بوون لە هێزی بەرگری میللی. ئەما بۆ کوردە نەتەوەیەکان و کوردە سیاسیە چالاکەکان، خۆفرۆش و خاین بوون.
ئەمانە هەرچەندە رادەی وەفای (زۆربەیان) بۆ حکومەت جێی گوومان بوو و وەفا و ئنتیمای سەرەکییان بۆ خێڵەکانیان بوو. بەڵام، بۆ حکومەت گرنگ بوون، چونکە (نەتەوایەتی) لایان وشەیەکی نامۆ

بوو و ئەو یارمەتییە کە لە رژێمەوە بۆیان دەهات، بەلایانەوە پشتگیریەکی شەرعی بوو بۆ ئەو شەڕەی کە دژ بە ( خێڵەکانی تر ) دەیکەن.

ئەوەش دەبێ بگوترێ، کە زۆربەی ئەم جاشانە بەدزییەوە پشتگیری گرووپە کوردیەکانیان دەکرد و حکومەت هەرگیز باوەڕی تەواوی پێنەدەکردن. هەربۆیەش هەمیشە لەژێر پەست و زۆردابوون.

**ئەو دەمی کە سەدام حسێن لە 1979 دا بووە سەرۆکوماری عیراق و بەفەرمی وەک بەهێزترین پیاوی عیراق دەرکەوت. شۆڕشی کورد کۆتایی پێهاتبوو. بەڵام هەرەسهێنانی رژێمی شا، لە دیدی سەدامەوە هەلێکی رەخساند بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی جەزائیر و خۆرزگارکردن لە خەرج و باجە پەیوەستەکانی ئەو پەیمانە. بۆیە لە سپتەمبەری 1980 دا هەڵمەتی کردە سەر ئێران. بەدرێژایی ئەو 8 ساڵەی کە ئەم جەنگە خەستە بەردەوام بوو، بەغدا کوردی ئێرانی دژ بە ئاخوندە شیعەکانی ئێران بەکارهێنا، و ئێرانیش یەکیەتی و پارتی ئامادەکرد و لە شەڕی دژ بە رژێمی عیراقدا بەکاری هێنان.**

پاش هەڵگیرسانی جەنگی (عیراق- ئێران) ئەمریکا بەپێی پرنسیپی، دوژمنی دوژمنم دۆستمە، بایدایەوە. لە دیسەمبەری 1983 دا سەرۆک ریگان، نوێنەرێکی تایبەتی خۆی ناردە بەغدا. ئەم نوێنەرە، دۆناڵد رامسفێلد بوو. رامسفێلد نامەیەکی دەستنووسی سەرۆکی ئەمریکای بە سەدام حسێن گەیاند. ئەمریکا لە نامەکەدا پێشنیاری بوژاندنەوەی پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دەکرد. هاوکات رامسفێلد، لەلایەن کۆمپانیای ( Bechtel Corporations ) راسپاردرابوو، کە وەک نوێنەریان دانوساندن لەبارەی دروستکردن و راکێشانی هێڵێکی نەوتیی نوێ بکات (( بە مەبەستی کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ بۆ هەناردنی نەوتی عیراق، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە سوریا رێگەی لە تێپەڕبوونی نەوتی عیراق گرت)).

لەکاتی ئەوسەردانەی رامسفێلددا، ئاشکرا دەزانرا کە عیراق نێرڤگازی ( Nerv gas- غاز الأعصاب) ی دژ بەئێران بەکارهێناوە. بەڵام بەپێی یاداشتەکانی ئەو جاوپێکەوتنە ( کە پاشان ئاشکراکران) باسی چەکی کیمیاوی لەو دانیشتنەدا نەکراوە. پاش چاوپێکەوتنەکەی سەدام، رامسفێلد لە راگەیاندنی بۆ رۆژنامە نێودەوڵەتیەکاندا ، باسی ( گرنگی بوونی پەیوەندی لەگەڵ رژێمێکی بەهێزدا ) کرد.

سێ مانگی نەبرد، دیسان رامسفێلد، رەوانەی بەغدا کرایەوە، پاش ئەو سەردانە شەڕی نێوان عیراق و ئێران ( لەئەنجامی چڕتر بەکارهێنانی عیراق بۆ چەکی بەکۆمەڵ کوژ ) گەلێ خەستتربوو. لە بابەتێکی ئاژانسی هەواڵنێری UPI کە لە 24 مارسی 1984 بڵاوکرایەوە، باسی پەیوەندی نێوان سەردانەکەی رامسفێلد و توندوتیژبوونەوەی شەڕی نێوان عیراق و ئێران بەم شیوەیە کرا : لە 43 هەمین مانگی جەنگدا، لەو دەمەیدا کە نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکی، رۆلاند رامسفێلد گفتوگۆی لەگەڵ تارق عەزیزی وەزیری دەرەوەی عیراق، دەکرد. غازی سێناپی ، خۆشکراو بە دەرمانی ئەعساب، دژ بە سەربازە ئێرانیەکان بەکارهات.

چەند رۆژێک پاش ئەوە، نیۆیۆرک تایمس، نووسی : دپلۆماسیە ئەمریکیەکان خۆشحاڵییان، بە ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی نێوان ئەمریکا و عیراق لە گشت بوارەکاندا دەردەبڕن. **جگە لە بوارى رانەگەیاندن و ئاشکرا نەکردنیدا !!!!**

یەکێ لە ئەنجامەکانی ئەم سەردانانە، گەرەنتی وامی مەزن ( قەرزی گەورە ) بوو بۆ عیراق و بانگ کردنی جەنەراڵە گەورەکانی عیراق بوو بۆ سەردان کردنی ئەمریکا و کۆبوونەوە لەگەک CIA و دەزگا ئاسایشەکانی تری ئەمریکا. کۆمپانیا چەکسازەکانی وەک ( Boeing و Sikorsky ) کڕیارێکی نوێیان دەسکەوت و لیستی پیویستیەکانی سەدام حسێن دورودرێژ بوو. لەم لیستەدا، هەلیکۆپتەری وەها هەبوو، کە بۆ بەکارهێنانی بوارە مەدەنیەکان تەسلیم بە عیراق کران. بەڵام لەناو عیراقدا، دەسکاریکران و کران بە هەلیکۆپتەری جەنگی و ئامادەکران بۆ پژاندنی گازی خەردەل و سارین و VX ، بەسەر هێزەکانی ئێراندا. نە کەس پرۆتێستۆی کرد و نە ناردنی هەلیکۆپتەرەکان راگیرا.

1985 وەزارەتی بازرگانی ئەمریکی رێگای بە ( Center for Disease Control and Prevention ) لە ئەتلانتا دا، کە نموونەی ڤایرۆسی (West Nile-virus ) بۆ زانا عیراقیەکان بنێرێ. (

American Type Culture Collection ) له ڤێرجینیا، (antrax ) و چەندین نموونەی بەکتریای تریان بۆ عیراق نارد. زانایانی ئەمریکی دەستیان بەسەردانی عیراق کرد. CIA بەردەوام، لەبارەی جموجۆڵی هێزەکانی ئێرانەوە زانیاری بە عیراق دەدا. لەگەڵ ئەو هەموو یارمەتیەشدا، بۆ ماوەیەکی چاک تەرازووی جەنگ بەلای سەرکەوتنی ئێراندا دەشکایەوە.

**هێشتا ئێرانی شەکەت بریاری ئاگربەستی ( بڕیاری 598 ) ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکرتوەکانی پەسەند نەکردبوو، بەغدا لە 18 شەشی 1988 دا بەمەبەستی ( تۆڵەی سەخت ) هەڵمەتیکردە سەر کوردی دانیشتووی باکوری عیراق.**

سەرەتاکانی ئەم هەڵمەتە لە راستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەپریلی 1987 کە عراق بۆیەکەم جار چەکی کیمیایی دژ بە گوندێکی کورد بەکارهێنا. بەڵام لە گشتیان بەناوبانگتر هێرشی کیمیاوی سەر شارۆچکەی هەڵبجەبوو لە 16 مارسی 1988 دا. رۆژێک پێش لێدانی هەڵەبجە، ئێران بە یارمەتی هێزە کوردیەکان شارەکەی گرت، بۆ رۆژی دوایی عیراق بە فرۆکە و هەلیکۆپتەر هێرشی کردە سەر شارەکە و گاسی خەردەل و جۆرەها چەکی کیمیاوی تری لەم هێرشەدا بەکارهێنا و نزیکەی 5000 سڤیلی لە شارەکەدا کوشت.

هەڵەبجە تەنها بەشێک بوو لەو هێرشە فراوانەی کە لە مانگی یەکی 1988 لە ژێرناوی الانفال دەستیپێکرد ( الالنفال : واتە دەسکەوتی جەنگ، و ناوەکە لە سورەتی هەشتەمی قورانەوە وەرگیراوە ) سەرلەشکری ئەم هەڵمەتە عەلی حەسەن المەجید بوو ( عەلی کیمیاوی ) کە ئامۆزای سەدام بوو و دەسەڵاتی تایبەتی پێبەخشرابوو. لەشکر فەرمانی پێدرابوو کە :

ـ گشت سڤیلەکانی ناوچە قەدەغەکراوەکان بە چاوی پێشمەرگە تەمەشابکرێن.
ـ بەدرێژایی شەو و رۆژ بێ وەستان لەشکر تۆپ و هەڵیکۆپتەرو فرۆکە بەکاردێنێت بە مەبەستی کوشتنی گەورەترین ژمارە لە دانێشتوانی ناوچە قەدەغەکراوەکان.
ـ هەموو ئەوانەی کە لەو ناوچانەدا دەگیرێن لەلایەن هێزی ئاسایشەوە جستوجۆیان لەگەڵ دەکرێ. ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان 15 ساڵ و 70 ساڵدایە پاش وەرگرتنی زانیاری لێیان ، گولەباران دەکرێن.

بەرابەر بەم هێرشە، هێزی بەرەنگاریی کورد ، هەرەسی هێنا. سەدەها هەزار پەنابەر، کە بەشێکی زۆریان زامداری چەکی کیمیاوی بوون، بەرەو ئێران و تورکیا رەویانکرد. تا مانگی هەفتی هەمان ساڵ ( 45000 کم دوجا ) لە قەوارەی کوردستانی عیراق کە ( 75000 کم دوجایە ) بەتەواوی لە کورد پاک کرابووەوە. ژمارەی قوربانیەکانی ئەنفال بە 150000 تا 20000 کورد دەخەملێندرێت.

وەڵامی کۆمەڵگای جیهانی بۆ ئەم تیرۆرە، گەلێ لاوازبوو. نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە 620 بە (( **شێوەیەکی گشتی** )) بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی مەحکوم کرد و هەروەها باسی ( هەنگاوی کارا و گونجاوی ) دەکرد دژ بە بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکە. لە مانگی هەفتی 1988 ، واتە 4 مانگ پاش لێدانی هەڵەبجە کۆمپانیای ( Bechtel )ی ئەمریکی کۆنتراکتیکی لەگەڵ بەغدا مۆرکرد بۆ دروستکردنی فابریکێکی جووتکارە (*dual-use* ) کە لە رواڵەتدا بۆ بەرهەمهێنانی ( ئەکسیدی ئەسیلین) بوو بەڵام هاوکات دەتوانرا بۆ ئامادەکردن و بەرهەمهێنانی ( گازی خەردەل ) یش بەکاربێت.

هەمان ساڵ، حکومەتی ریگان، داواکاری سیناتی ئەمریکی بۆ سزادانی عراقی رەتکردەوە و لەبری ئەوە بە بری یەک ملیار دۆلار گەرەنتی کریدیتی ( ضمانات الائتمان ) بە عیراقدا. بەریتانیاش لە لایەن خۆیەوە کریدیتی ئێکسپۆرتی ( ائتمانات التصدیر ) بۆ عراق دووقاتکرد. ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکی ( Paul Findley ) ئەمریکای لەمەترسی ئەوە ئاگادارکردەوە کە:

( لەبەر کەم تەرخەمی و کەم نرخاندنی سەرکەوتنی مێژوویی عیراق بەسەر ئێراندا و هەستکردنی عیراق بەئیهانەت، یەک لەبەر تاوانبارکردنی بە (جینۆسایدێک) کە هیچ بەڵگەیەکمان بۆی نییە و دوو لەبەر

دۆستایەتیمان لە گەڵ ئیسرائیل. دوورنییە عراق روو لە لایەنی تربکات و یارمەتیان لێوەرگرێ). Findley هەروەها ئەمریکای لە مەترسی ( بۆیکۆتکردنی عیراق بۆ کاڵای ئەمریکی) ئاگادارکردەوە و رایگەیاند کە وەک ئەنجام ئەمریکا بوواری بەکار هێنانی نفوز و دەسەلاتی لە پایتەختێکی گرنگدا لە دەسدەدات.

**پاش داگیرکردنی سەدام حسێن بۆ کوێت لە مانگی هەشتی 1990 دا، زمان و دید گۆڕا.** پاش ئەو رووداوە عیراق چیدی بەچاوی هاوپەیمان تەماشا نەدەکرا و زانیاریەکانی تایبەت بە جینۆساید و جەنگی کیمیاویی، بەکارهێنران بۆ مۆبیلیزەکردنی ئەو هێزە نێودەوڵەتییەی کە سەدامی لە کوێت وەدەرنا. بەر لە ئازادکردنی کوێت کوردەکان بەحەزەربوون و چاوەڕوانی دەرئەنجامەکانبوون. لای کوردەکان هێشتا زامەکانی هەڵەبجە سارێژنەبووەوە و بێوەفایی ئەمریکا پاش پەیمانی جەزایر ( 1975 ) هێشتا لەیادنەکرابوو.
بەر لە شەڕەکە بەماوەیەکی کورت سەرۆک بوش لە گوتارێکدا، کە رادیۆی دەنگی ئەمریکا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاویکردەوە، رایگەیاند : **چارەیەکی تر هەیە بۆ رێگرتن لە جەنگ و خوێنڕێژی، ئەویش ئەوەیە کە لەشکری عیراق و خودی خەڵکی عیراق، بەدەستی خۆیان سەدام ناچارکەن دەست لە حوکم هەڵگرێ.**
پاش ئەو گوتارە، و هاوکات لە ئەنجامی بوونی رقێکی بێسنوور بەرابەر بە رژێم، لە عیراقدا راپەرینێکی جەماوەری بەرفراوان سەریهەڵدا کە ناوچە کوردیەکانیشی گرتەوە. ئەم راپەڕینە کوردییە خۆڕس و عەفەوی بوو و لەژێر کۆنترۆلی پارتی و یەکیەتیدا نەبوو، بەڵکو سەرۆک خێڵ و جاشەکان دەوری سەرەکیان تێیدا هەبوو. ئەمانە دەستیان بەسەر گەلێ ناوچەدا گرت و گەلێ جاریش لە رێی گفتوگۆوە قەناعەتیان بە لەشکر دەکرد کە ناوچەکە جێبێڵن. لە مارسی 1991 هێزە کوردیەکان کەرکوکیشیان گرت.
بەڵام هەمیسان کورد، پێشوەخت شایی خۆشی کرد. کە ئەمریکا هەستیکرد، بانگەوازەکەی بوش و راپەرینی خەڵک مەترسی ئەوە هەیە کە عیراق دابەشبێت و دەوڵەتێکی شیعە لەباشوور و دەوڵەتێکی کوردی لە باکوور پێک بێن. بوش راگەیاندنێکی نوێی پەخشکرد و رایگەیاند کە مەبەستی ئەوە نەبووە کە خەڵکی عیراق و کورد (( لەم کاتەدا )) راپەرن. بێگومان، سەدامێکی لاواز بۆ واشنتن ئەلتەرناتیڤێکی باشتربوو لە دەوڵەتێکی شیعە کە دەشێ ببێتە هاوپەیمانی ئێران. جگە لەوەش تورکیای هاوپەیمانی ئەمریکا بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو پەیدابوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ پەسندکات و هەڕەشەی داگیرکردنی ناوچەکەی دەکرد و سەر لە نوێ کەوتبوەوە داواکردنی ویلایەتی موسل.
پاش ئەوە عیراق بە خۆکەوت. کە هێزە تایبەتیەکانی گاردی کۆماری ( کە سەدام لەسەردەمی شەڕدا دوور رایگرتبوون و پاشەکەوتی کردبوون ) دڕندانە لە پێشاندا راپەڕینی شیعەی لە باشوور خامۆشکردەوە و پاشان رووی لەباکوور کرد، هێزەکانی ئەمریکا هیچ دژکارێکیان نەنواند. زوو دەرکەوت کە لەشکری کوردی کەم چەک و بەد چەک، بۆ گاردی کۆماریی پارووەیەکی ئاسان بوو. لە ئەنجامی ئەم شکانەدا، دوو ملیۆن کورد لەژێر تیرەبارانی هەلیکۆپتەری عیراقیدا بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا رەویانکرد. بەرانبەر بەم رەوە، تورکیا قایل نەبوو سنوورەکانی بکاتەوە، بەڵام ئێران میهرەبانیەکی مەزنتری نیشاندا. بۆنموونە دەبینین شارێکی وەک پیرانشەهر ( کە رێژەی دانیشتوانی 25000 کەسە ) 75000 پانابەری گرتە خۆ. پاش ماوەیەک، لەژێر پەستێکی نێودەوڵەتی بەهێزدا، تورکیاش ناچارکرا کە سنوورەکانی بۆ نزیکەی نیو ملیۆن پەنابەری کورد ( کە لە سەر چیاکانی نزیک سنووریان لە دۆخێکی گەلێ خراپدا دەژیان ) بکاتەوە.
ئەنجومەنی ئاسایشی UN لە ئەپریلی 1991 دا ، بە بڕیاری 688 رەفتاری عیراقی دژ بە کوردەکان مەحکوم کرد و بەتوندی داوای راگرتنی هێرشی دژ بە کوردی کرد. لە دەقی راگەیاندنەکەدا نووسرابوو (( چەوساندنەوەی خەڵکی سڤیلی عیراق لە گەلێ بەشی عیراقدا، کە لەم دواییەدا ناوچە **کوردنشینەکانیشی** گرتەوە )). ئەمە یەکەم جاربوو ( پاش دادوستانەکانی کێشەی موسل ) ناوی کورد ئاشکرا لە دۆکیومێنتێکی نێودەوڵەتیدا بێت. جا وەک قەرەبوویەک بۆ ئەم کارەساتە. و هاوکات بۆ پراکتیزەکردنی بڕیاری 688 ، لەلایەکەوە ناوچەیەکی ئاسایش ( *safe haven* ) لە باکووری عیراقدا چێکرا و لەلایەکی تریشەوە بەکارهێنانی ئاسمانی ناوچەی سەرو هێڵی پانیی 36 ی لە فرۆکەی عیراقی قەدەغەکرا ( *no-fly*-zon ) . پەنابەرە کوردەکان لە ئێران و تورکیاوە دەستیان بە گەڕانەوەکرد. لەشکری عیراق ناچارکرا قەوارەیەکی بە

هەندی سویسرا چۆڵکات. بەڵام ناوچە نەوتیەکانی نزیک موسل و کەرکوک نەکەوتنە ناوو ئەو قەوارەیەوە و لەژێر دەستی بەغدادا مانەوە.

لەسەر رۆشنایی هەمان بریاری 688 ، بەمەبەستی دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی کوردی دانوساندن لەنێوان بەغداد و تالەبانی و بارزانی دەستپێیکرد. تالەبانی جیهانی حەپەساند کە لەبەردەم کامیرەکانی تەلەفزیۆندا باوەشی بەسەدامدا کرد و رایگەیاند کە سەدام رازیبووە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ( مجلس قیادە الثورە ) نەهێڵێت و لەماوەی شەش مانگی داهاتوودا هەڵبژاردنی ئازاد ئەنجامبدرێت. پاش ماوەیەکیش بارزانی رایگەیاند، بەڵێنی وەرگرتووە، کە کەرکوک دەبێ بە بەشێک لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی.
بەڵام سەدام حسێن، نیازی سازشێکی لەم جۆرەی نەبوو. پاش ماوەیەکی کورت دانووساندنەکان هەرەسیان هێنا و لە سپتەمبەر و ئۆکتۆبەری هەمانساڵدا لە دەورووبەری کەرکووک و سلیمانی پێکدادان روویدا و سەدام بەمەبەستی سەپاندنی مەرجەکانی خۆی ئابڵوقەی ئابووری خستە سەر ناوچە کوردیەکان. ناردنی بەنزین و خۆراک و موچانەی کارمەندانی راگرت. ئامانجی لەم کارە ئەوەبوو کە تاوانی خراپبوونی باری ژیانی خەڵکی ناوچەکە بەسەر یەکیەتی و پارتیدا بشکێنێتەوە و ناکۆکی و لێکترازان هەم لە نێوان خودی دوو حزبەکە و هەم لەنێوان خەڵکی سڤیل و دووحزبەکەدا پەیدابێت. تا بەم شێوەیە بتوانی بەپێی مەرجەکانی خۆی کورد ناچاری بارێکی ( هاوژینیی ) تایبەت بکات .
زستانی 92/1991 بۆ خەڵکی ناوچەکە گەلێ دژواربوو. بەپێی هەڵسەنگاندنە رێژەییە نێودەوڵەتیەکان ، نزیکەی 70% دانیشتوانی ناوچەی پارێزراو وابەستەی ئەو یارمەتیە دەرەکیانەبوون ( *Operation provide comfort* ) کە لەلایەن کەنالەکانی UN و دەزگا دەوڵەتی و نادەوڵەتی و رێکخراوە خێرخوازەکانەوە کەنالیزە دەکران.

## دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی کوردیی

**پاش کشانەوەی لەشکری عیراق لە ناوچەکە و سەپاندنی ئابلوقەی ئابووری. لەناو سنووری ناوچە پارێزراوەکەدا، بۆ یەکەم جار کورد بە ئۆتونۆمیەک گەیشت کە لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتیدا پەسەندکراوبێ. بەڵام ئەم ئۆتۆنۆمییە پێی نەکرا هەنگاوێکی تر بنێت و بگات بە پلەی دەولەتێکی دیفاکتۆ (de facto ). رێگریش تەنها نالەباری باری ئابووری نەبوو، بەڵکو نە زلهێزەکان و نە وڵاتەکانی دەورویشت ئامادەبوون گۆڕانێکی وا ببینن. کەرکوک بە نەوتەکەیەوە گرنگبوو بۆ ژیانی دەوڵەتێکی لەم جۆرە. بەڵام دانی کەرکوک بەکورد هێرشێک بوو بۆ سەر شادەماری بژێویی عیراق و ئەمەش نە ئەمریکا و نە هاوسێکانی کورد قەبوڵیان بوو. بۆیە بەردەوامییەکی فەرمی و رەسمی لەچوارچێوەی عیراقێکی یەکگرتوو، وەک پێداویستێک مایەوە بۆ گەیشتنی کورد بە ئامانجە نەتەوەییەکانی.**

لە 19 مەی 1992 دا، هەڵبژاردنێک لەم ناوچە ئۆتونۆمەدا بەرپاکرا و رێژەی 7% داندرا بۆ بەدەسهێنانی کورسی پەرلەمان. بێگومان ئەم رێژە بەرزە رێی لە گەلێ پارتی بچوک گرت کە بێنە ناو پەرلەمانەوە. بۆیە بەربەرەکانیەکە لە نێوان "پدک"ی بارزانی و "ی ن ک"ی تالەبانیدا مایەوە و رەنگێکی تەواوی کەس پەرستی لینیشت. بەرنامەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی هیچ رووڵێکیان نەبوو. دروشمی بارزانی لەم هەڵبژاردنەدا (( ئۆتونۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسییەت بۆ عیراق )) بوو ، و دروشمی تالەبانیش (( ئۆتونۆمی بۆ کوردستان لە عیراقێکی فیدرالدا )).
چاودێرە بیانیەکان ئەم هەڵبژاردنەیان وەک (*free and fair* ) پێناسەکرد. وەک ئەنجام پ د ک 45% و ی ن ک 43،6 یان هێنا. 100 کورسیەکەی پەرلەمان لە نێوانیاندا 50 بە 50 بەشکرا. پێنج کورسیش درا بە مەسیحیەکان ( چوار بۆ بزوتنەوەی دیموکراسی ئاسووری و یەک بۆ پارتی یەکگرتووی مەسیحیانی کوردستان ).

حکومەتێکی هەرێمی ( حکومەتی هەرێمی کوردستان ) دامەزرا و دووپارتەکە پلەو پایەکانیان لە نێوان خۆیاندا بەمەرجێک بەشکرد کە گەر هاتوو وەزیر لە یەکێکیان بوو دەبوایە جێگرەکەی لەوەی تریان بێت، بەم شێوەیە گشت دەزگاکانی بەڕێوەبردن دابەشکران. ئەوەی بارەکەی خراپترکرد تەنها ئەوە نەبوو کە دابەشکردنەکە دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنی تووشی سستی و ئفلیجی کرد، بەڵکو پتر ئەوە بوو کە سەرکردەی دوو حزبەکە ئامادە نەبوون دەسەڵات بدەنە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان. بۆیە حکومەتی فعلی کەوتە دەست دەزگای ناوەندیی دوو حزبەکە و ئەمەش دەرگای کردەوە بۆ بێتوانایی و ناکارامەیی و بڕیاری هەوەسیارانە و لاموبالاتی و گەندەڵی. بۆ نموونە دەبینین سێ مانگ پاش هەڵبژاردنەکە بەڕێوەبەرایەتی شاری هەولێر لە کۆی 700 ئۆتۆمبیل تەنها 92 دانەی مابوو ئەوەی تری لەلایەن کارمەندی گەندەڵەوە فرۆشرا بوو، نموونەیەکی دی ئەوەیە کە دامودەزگای بەنداوێکی نوێ کە دەکەوتە دەرەوەی ناوچەی رەواندز هەڵوەشێندرا و فرۆشرا.

دوژمنایەتی کۆن و بەدگومانی نێوان بارزانی و تاڵەبانیش رۆڵێکی دیاریان هەبوو لە رێنەدان بە ئینتیما و وەفاداری بۆ پرۆسە خۆنەگرتووەکەی دەوڵەتسازیی کوردیی. کێشەکانی نێوانیان تەنها پەیوەستی جیاوازی فەرهەنگی و ناکۆکی سەد سالەی نێوان نەقشبەندیانی کرمانجیزار و قادریانی سۆرانیزار نەبوو. بەڵکو جیاوازی ئابووری ناوچە جوگرافیەکانیان کێشەیەکی دی خستە روو. بۆ ئابووری ناوچەکە، جگە لە یارمەتیە دەرەکیەکان، گومرگی سنوورەکانی ئێران و تورکیا و قاچاخچیەتی بوونە سەچاوەیەکی دارایی گرنگ و بەشی هەرەزۆری (( باجە وەگیراوەکە)) راستەوخۆ دەچووە قاسەی دوو حزبەکە و گیرفانی سەرکردە ناوچەییەکانی سەر سنوور. جا لەبەر ئەوەی پ د ک کۆنترۆلی سنووری لای تورکیای دەکرد و جموجۆڵی بازرگانی لەو سنوورەدا گەلێ بژێو بوو قانزانجی بارزانی و پ د ک پتربوو. هەرچەندە تاڵەبانیش دەستی خۆی دەوەشاند. بۆنموونە لە ساڵانی 1992 و 1993 دا ، سووکە قرانییەک (کەمی خواردەمەنی) ناوجەکەی گرتەوە. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە بەشی زۆری دانەوێڵەی ناوچەی ژێردەستی تاڵەبانی برا بۆ باشووری عیراق، چوونکە لەوێ پارەی چاکتری دەکرد.

لە مانگی پێنجی 1994 دا، لەسەر جۆری دابەشکردنی داهات و ناوچەی دەسەڵات، شەر لە نێوان دوولایەنە رکەبەرەکە سەری هەڵدا. وەک ئەنجامێکی ئەم پێکدادانە، تا مانگی هەشتی هەمان ساڵ 70000 کوردماڵوحاڵیان جێهێشتبوو و رەویان کردبوو. پتر لە 1000 کەس لە شەڕەکاندا کوژرابوو. بەم رووداوە ئاشکرا دەرکەوت کە پەرلەمانی هەڵبژێردراو هیچ دەسەڵاتێکی نییە و دەسەڵاتی راستەقینە لەدەست سەرکردایەتی دوو حزبەکەدایە.

لە ئەپریلی 1995 بە نێوانگیری ئەمریکا دوولایەنەکە ئاگربەستێکیان مۆرکرد، بەڵام زۆری نەخایاند شەر سەری هەڵدایەوە و ئەمجارەیان پارتی پەیوەندی بە بەغداوە کرد و بەغدا کەوتە چەک ناردن بۆ بارزانی. لە کۆتاییەکانی مانگی هەشتی 1996 پارتی بە پشتگیری تانک و توپی عیراقی هەولێری گرت و هەفتەیەک پاش ئەوە بەئاسانی و بێ بەرەنگارییەکی دیار قەڵا بەرزەکەی تاڵەبانی ( سلێمانی) گرت. لەکاتی گرتنی هەولێردا، لەشکری عیراق کەوتە پاکسازیکردنی ئۆپۆزسیۆنی دژ بە سەدام، بۆیە لەگەڵ گرتنی سلێمانی لەلایەن پارتییەوە نزیکەی 80000 کورد سلێمانیان جێهێشت و هەڵاتن. پاشان بە یارمەتی ئێران یەکیەتی زۆر خێرا خۆی گرتەوە و لەشکری کۆکردەوە و تا مانگی 10 هەمان ساڵ شاری سلێمانی و زۆربەی ناوچە سۆرانیەکانی گرتەوە. بەڵام هەولێر لەدەستی بارزانیدا مایەوە . سەدام ئابڵوقەی ئابووری لەسەر ناوچەکانی دەسەڵاتی بارزانی لادا. بارزانیش لەلایەن خۆیەوە و بۆ نیشاندانی بەرزراگرتنی ئەم دۆستایەتیە نوێیەی لەگەڵ رژێمی بەغدادا، لە بارەگای خۆیدا لە سەلاحەدین پێشوازی لە نوێنەرێکی بەرزی عیراقکرد کە عەلی حەسن المجید بوو (ناسراو بە عەلی کیمیاوی )، ئەو کەسەی کە ئەندازیاری ئەنفالەکان و هێرشی کیمیاوی هەڵەبجە بوو.

لە هەمان ماوەدا، بارزانی دژ بە پەکەکە پەیمانی لەگەڵ تورکیادا بەست. پ ک ک ی خاوەن ئایدیۆلۆژیەتی پانکوردیی لایەنگری لە ناو کوردی عیراقدا پەیدا کردبوو و ئەمانە بەگشتی دژ بەو دیدەی بارزانی بوون کە عیراقێکی فیدرالی بە چارەسەر دەدیت بۆ کێشەی کورد. لە مانگی پێنجی 1997 دا، لەشکری تورکیا هێرشی کردە سەر باکووری عیراق و شان بەشانی پارتی دژ بە پ ک ک کەوتنە شەڕ. لە

ئوکتۆبەری هەمان ساڵدا کە یەکیەتی هێرشی کردە سەر پارتی و توانی هەندێ ناوچەی نزیک سنوورەکانی ئێران لە پارتی بگرێتەوە، هێزی ئاسمانی تورکیا کەوتە یارمەتیدانی پارتی و هێزەکانی تاڵەبانیان ناچاری کشانەوەکرد.

**لە سپتەمبەری 1998 دا، پاش نێوانچاکی ئەمریکا،** لە واشنتۆنەوە، بارزانی و تالەبانی، پەیمانێکیان واژۆ کرد و رایانگەیاند کە ئامادەن لێک نزیک ببنەوە و کێشەکانیان ئاشتیخوازانە چارەسەرکەن. جگە لەوەش پەیوەستیی خۆیان بۆ (( پاراستنی یەکیەتی خاکی عیراق )) بەیانکرد . بەڵام لە پراکتیکدا، نەک هەر عیراق بەڵکو خودی ناوچە کوردیەکەش دابەش کرابوو بۆ دوو هەرێمی سیاسی کە هەریەکەیان پایتەخت و بەرێوەبەرایەتی سەربەخۆیان لە هەولێر و سلێمانیدا هەبوو. بۆیە بەم پێک گەیشتنەی واشنتۆنیشەوە هێشتا بارودۆخی ناوچەکە لەبەر هۆکاریی جیاواز، تەواو سەقامگیرنەبیوو. هەندێ لەو هۆیانە :

- باری سەختی ئابووری ، وەک ئەنجامێکی ئابلۆقەی UN لەسەر گشت عیراق و ئابلۆقەی ئابووری سەدام لەسەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردەکان.
- سووربوونی ئەمریکا لەسەر بەکارهێنانی ناوچەکە وەک بەردەبازێک و پێگەیەک بۆ بەدیهێنانی نائارامی و رووخاندنی هەردوو رژێمی عیراق و ئێران.
- بەکارهێنانی ناوچەکە لەلایەن پەکەکەوە بۆ شەڕی دژ بە تورکیا. هەروەها هەوڵی تورکیا بۆ لە ناوبردنی پ ک ک و دژایەتی سەختیان بۆ گشت جۆرە سەربەخۆییەکی کەیانی کوردی لە ناوچەکەدا ( گەر لە چوارچێوەی عراقی فیدرالیشدا بێت ) .
- هەوڵی بەغداش بۆ لەباربردنی کەیانێکی وەها و دیسان کۆنترۆلکردنەوەی ناوچە دابڕاوەکان.
- هەوڵی ئێران و سوریا بۆ رێگرتن لە بەکارهێنانی ناوچە کوردیەکان وەک پێگەیەک بۆ بەرژەوەندیە ئەمریکیەکان. ئەم دوو دوڵەتە هەمیشە لەگەڵ ئەوەبوون کە راپەرینە کوردیەکان رژێمی بەغدا لاوازکات بەڵام بێ ئەوەی ببێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ. بۆیە سیاسەتی ئێران و سوریا هەمیشە لەگەڵ ئەوە بوو کە تەنها بایی ئەوەندە یارمەتی کورد بدەن کە سەرئێشە بۆ عیراق دروستبکات بەڵام نەتوانن ئۆتۆنۆمی بەدەست بێنن یان دەوڵەت دروستکەن چوونکە ئەمە دەبووە هاندەرێک و وێنەیەک بۆ کوردی خۆیان. وەک نموونەیەک بۆ رێنەدانی ئێران بە کوردی خۆی کە سوود لەم پرۆسە نوێیە وەرگرن، دەبینین، لە مانگی هەفتی 1996، بە مەبەستی لاوازکردن، هێزی پاسدارانی ئێران هێرشی کردە سەر ئۆردوگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ناو خاکی عیراقدا.

**وردەوردە باری ئابووری چاکتربوو.** لە پایزی 2000 دا، سەردانکەرانی شارە کوردیەکان چاویان بە بنکەی ئینتەرنێت و سوپەرمارکتی پڕ لە کاڵا دەکەوت. لە کۆی 4000 دێی کاولکراو 2600 ی دروستکرایەوە. ئەو سەرمایەیەی کە ئەم پێشکەوتنە ئابووریەی بەدیهێنا سەرچاوەی جیاوازی هەبوو. بازرگانی و قاچاغچیەت لەگەڵ و لە سنوورەکانی ئێران و تورکیادا، گرنگترین سەرچاوە بوون. رۆژی سەدەها لۆری پڕ لە بەرهەم و کاڵای جیاواز لە تورکیاوە کە خاوەن تاکە سنووری کراوە بوو، دەهاتنە ناوچەکە و لە گەڕانەوەدا بەنزینی هەرزانی عیراق و بەرهەمی نەوتی تریان لەگەل خۆ دەبردەوە . جگە لەمە، سەرچاوەکانی تری ئەم سەرمایەیە بریتیبوون لە:

- ئەو باجەنەی کە لە خەڵک وەردەگیران.
- سەرمایە بەگەڕختنی کوردەکانی دەرەوەی وڵات و ئەو پارەیەی کە کوردی هەندەران لە سەردانەکانیاندا خەرجیان دەکرد.
- ئەو پارە و کاڵایانەی کە لە رێی بەرنامەی UN ( نەوت بە خۆراک ) دابەش دەکران.
- سەرهەڵدانی کەرتی تایبەتی پیشەسازی، کە نەک هەر لەلایەن سەرمایەی خۆماڵیی کوردەوە ، بەڵکو لەلایەن سەرمایەی تورکی و ئێرانیشەوە تەمویلدەکرا.
- سەرباری ئەمانەش دەبێ ئاماژە بۆ چالاکی و رۆڵی کوردی تاراوگە بکەین کە ئەم گۆڕانەیان وەک هەلێک دیت بۆ بەشداریکردن لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی.

**پاش پەیمانی واشنتۆن**، وردەوردە یەکیەتی و پارتی توانیان بە ( دۆخێکی ئاشتی ) بگەن، کە پاشان گەیشتە پلەی هاوکاری . هەردوو حکومەتەکە کەوتنە هاورێکخسنی کارەکانیان و بە مەبەستی ئاسایی کرنەوەی باری ناوچەکە کۆمەڵێ بریارو هەنگاویاننا. لە 2001 کە ئاشکرابوو، ئامانجی ئەمریکا روخاندنی رژێمی سەدامە، هاوکاری نێوان دوو حزبەکە گورێکی بەتینتری پەیداکرد و هاوکات گرنگی دوو حزبەکە ، **لەبەر ئەو پشتگیریە جەماوەریە بەهێزەی کە هەیانبوو لە ناوچەکەدا**، هەم بۆ ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی و هەم بۆ ئەمریکا گەلێ زیادی کرد و بوون بە فاکتەرێکی گرنگی ئەم جەنگە ( ناوچەکە بۆ ستراتیژیەتی سەربازیی ئەمریکی گرنگ بوو، بۆیە پێویستیان بە کۆنترۆلکردنی هەبوو. هەرچەندە لە کاتی شەڕدا پەرلەمانی تورکی رێگەی نەدا لەشکری ئەمریکی بە تورکیادا بێت ... ئەوەش بە گران لەسەریانکەوت ... بەڵام گرنگی ناوچەکە بۆ ئەمریکا وەک خۆی مایەوە).

**بە هەرەسی سەدام حسێن لە 2003 دا، لاپەڕەیەکی نوێی مێژووی کوردی عیراق دەستپێکرد.**

پاش سەدام، هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردەکان. بەپێچەوانی بەشەکانی تری عیراق، کە تووشی نەهامەتی بەرەڵایی و شەڕی ناوخۆبوون ، ئارامی و بەرقەراریەکی رێژەیی تێدا بەدی دەکرا.

سەرکردە کوردەکان ، پاش 10 ساڵ لە سەربەخۆییەکی واقعی و دیفاکتۆ، بڕیاریاندا بگەڕێنەوە باوەشی عیراق. ئەڵبەتە ئەم بڕیارە کۆمەڵێ هۆیَ ریالپولێتیکانەی لە پاشبوو. گەر بهاتایە کورد بەتەنیا سەربەخۆیی کوردستانیان رابگەیەندایە، ئەوە بێگومان تووشی عاقبەتێکی سیاسی کوشندە دەبوون، لەبەر ئەوەی:

- لە باری ئابوورییەوە، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی، بەدەستی ئێران و سوریا و تورکیا، (لەترسی ئەوەی کە ببێ بە گۆیەک بۆ کەمایەتیە کوردیەکەی ناو خۆیان)، خەفە دەکرا.
- مەترسی پێکدادانی سەربازی لەگەل تورکیادا. بێگومان لەکاتی هەڵبژاردن لە نێوان هەولێر و ئەنقەرەدا، واشنتۆن بێچاوتروکاندن ئەنقەرە هەڵدەبژێرێ و جارێکی تر راستی ئەو پەندە کوردیە دەسەلما کە دەڵێ ( کورد جگە لە چیاکانی کەس دۆستی نییە ).
- بەڵام بە مانەوەی ناوچەکە وەک بەشێکی رەسمی لە عیراقی (ئازادکراو). وەک تاکە ناوچەی هێمنی عیراق و وەک پێگەیەکی سەربازیی ئەمریکی لە رۆژهەڵاتی ناوەندا، دەتوانێ لە پشتگیری ئەمریکا بەهرەداربێت و قازانجی رامیاری و ئابووری بکات.

لەسەر ئاستی عیراق و بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکە، ئەنجومەنی حوکمرانیی عیراق ( Iraqi Governing Council ) دامەزرا. ئەم ئەنجومەنە لە 25 کەس پێکهاتبوو، کە بارزانی و تالەبانی و سێ سەرکردەی بێلایەنی کوردی تر ئەندامی بوون. یەکێ لە نزیکترین هاوکارەکانی بارزانی کە هاوکات خاڵیشی بوو، وشیار زێباری، لەلایەن حکومەتی کاتی عیراقەوە کە لە مانگی شەشی 2004 دا دامەزرا، کرا بە وەزیری کاروباری دەرەوەی عراق. ئەما بەرهەم سالح کە هاوکارێکی نزیکی تالەبانی بوو و بەر لە هێرشی ئەمریکا سەرەک وەزیرانی بەڕێوەبەرایەتی کوردیی بوو لە ناوچەی یەکیەتیدا، کرا بە جێگری سەرەک وەزیران. ئەمە یەکەم جاربوو کە سیاسەتمەدارانی کورد وەک بەرابەر و هاوسان لەگەڵ سیاسەتمەداری عەرەبدا بەشداری ژیانی سیاسی بکەن لە عیراقدا.

ئەم حکومەتە کاتییە، لەڕێی دەستوورێکی کاتییەوە بەڕێوەدەبرا ( Transitional Administrative Law (TAL) ) کە بەشێکی باسی ماف و ئمتیازاتی کوردی دەکرد، بۆنموونە:

- لەگەڵ پرۆتێستۆ و نارەزایی شیعەکاندا، کوردەکان توانییان بڕگەیەک بخەنە دەستووری کاتییەوە کە ماف دەدات بە هاوڵاتیانی سێ پارێزگا، بەکۆی دوو لەسەر سێی دەنگیان لە ریفراندۆمێکدا، کە رەفزی ئەو دەستوورە بکەن کە بەتەمابوون لە ئکتۆبەری 2005 دا دەنگی لەسەربدەن. جا لەبەر ئەوەی کورد لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی زۆربەیە، بۆیە ئەم بڕگەیە لە پراکتیکدا مافی ڤیتۆی بە کورددەدا.
- هەروەها توانیان حکومەتە ئۆتۆنۆمەکەیان ( حکومەتی هەرێمی کوردستان ) بهێڵنەوە، بەلام نەیانتوانی دەست بەسەر کەرکوکی پڕنەوتدا ( کە سەدام ناوی گۆڕیبوو بۆ تامیم ) بگرن. هەرچەندە توانییان

بڕگەیەکی تایبەت بە ( گەڕانەوە و قەرەبووکردنەوەی ئەو کوردانەی کە سەدام دەری کردبوون ) بخەنە دەستوورەکەوە.

- (TAL ) ئەو مافەشی دا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ناو سنووری خۆیدا بتوانێ ئەو یاسا عیراقیانەی ( کە پەیوەندیان بە، سیاسەتی دەرەوە ، ئاسایشی نەتەوەیی ، بودجەی نەتەوەیی و سامانە سروشتیەکانەوە ) نییە، بگۆڕێ.

- هەروەها توانیان پۆلیس و هێزە ناوخۆییەکان لەژێر کۆنترۆلی خۆیاندا بهێڵنەوە و ئەمەش شەرعییەتی بە مانەوەی پێشمەرگەدا .

**لە کۆتاییەکانی 2004 دا**، دوو حزبەکە بڕیاریاندا بە یەک لیست ( هاوپەیمانی کوردستانی ) بچنە هەر سێ هەڵبژاردنەکەی کە بڕیاربوو لە 2005 دا لە عیراق بکرێن. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقدا لە مانگی یەکی 2005 دا، لەبەر ئەوەی سوونەی عیراق بایکۆتی هەڵبژاردنەکەی کرد، کوردەکان توانیان 26% دەنگەکان بەدەسبێنن و لە کۆی 275، 75 نوێنەریان چووە پەرلەمانەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە شیعە پێویستی بە کوردەکان بێت تا بتوانێ دوو لەسەر سێ دەنگ کۆکاتەوە، کە مەرجی دامەزراندنی حکومەت بوو. ئەمە ڕێگای خۆشکرد بۆ کورد کە داوای چەند پۆستێکی گرنگ بکەن. لە ئەنجامدا تالەبانی بوو بەسەرۆک کۆمارو زێباریش بە وەزیری کاروباری دەرەوە.

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی دیسەمبەری هەمان ساڵ، لەبەر ئەوەی سوونەکان بایکۆتیان نەکرد، لەرادەی ئەوەی پێشوودا نەبوو. هاوپەیمانی کوردستانی ئەمجارەیان 53 کورسی بەدەسهێنا. لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی سیاسی وەک خۆی مایەوە، واتە گەیشتن بە فراوانترین رادەی ئۆتۆنۆمی ( کە دەکرێ بەدەست بێت) لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ناوەندی عیراقدا. تالەبانی وەک سەرۆک کۆماری عیراق هەڵبژێردرایەوە و زێباریش لە جێی خۆی وەک وەزیری کاروباری دەرەوە مایەوە و بەرهەم ساڵحیش بوو بە جێگری سەرۆک وەزیران. بارزانی بەرتری بەوەدا کە پێگەی خۆی لە ناو ( حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ) بەهێزکات و لەلایەن پەرلەمانی هەرێمەوە وەک ( سەرۆکی کوردستان ) راگەێندرا. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە یەکیەتی و پارتی ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی دەسەلات بەشێوەیەک کە یەکیەتی نوێنەرایەتی و بەرپرسیاریەتی کاروباری کوردبکات لە دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدادا و پارتیش باڵادەستبێت لە حکومەتی هەرێمدا.

**هەنگاوی پاش ئەمە، دارشتنی دەستووری هەمیشەیی نوێ عیراق بوو.** لەم دەستورەدا بڕیارەکانی تایبەت بە فیدرالیزم و ئۆتۆنۆمی بەڕێوەبەراتی کوردیی وەک چۆن لە TAL دا هاتبوو ، هێڵدرایەوە و جگە لەمە، و لەسەر داواکاری کورد، بریاری تایبەت بە پێناسەکردنی عیراق وەک سیستێمێکی فیدرالی جێیکرایەوە. بەپێی ئەم برگەیە لەعیراقدا دەبێ بەڵای کەمەوە سێ هەرێمی فیدرال دروستبکرێت و هەرێمەکان خاوەن حکومەت و ئۆتۆنۆمیەکی بەهێزبن. لە بڕگەی 113 ی دەستوردا پێشنیاردەکرێ کە سێ پارێزگا کوردیەکە ( سلێمانی، هەولێر و دهۆک ) هەرێمێکی یاسایی پێکدێنن، کە مافی گۆرینی ئەو یاسا نەتەوەیانەی هەیە کە روون و ئاشکرا ناکەونە چوارچێوەی بڕکردنی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی . بڕگەی 117 ماف بە هەرێمە فیدرالەکان دەدات کە ئۆفیس و نوێنەرایەتی تایبەتی خۆیان هەبی لە باڵوێزخانە و شاندە دیبلۆماسیەکانی عیراقدا. جگە لەمانەش هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بوون بەزمانی فەرمی عیراق.

**لە 7 ی پێنجی 2006 دا هەنگاوی سێهەم هات.** یەکیەتی و پارتی پاش گفتوگۆیەکی درێژخایەن، بڕیاریان دا کە حکومەتی یەکگرتووی هەرێم دامازرێننەوە و برازا چل ساڵیەکەی مەسعود بارزانی ، نێچیرەڤان ، سەرۆک وەزیرانی بێت. هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی دەستیان بەیەکگرتنەوە کرد. ئەمرۆ زۆربەی وەزارەتەکان،( جگە لە لەسێ وەزارەتە ستراتیجیەکەی ، ناوخۆ، دارایی و لەشکر ) ، یەکیان گرتۆتەوە.

باری ئابووری هەریم رووی لە بووژاندنەوە کرد، بەتایبەتی پاش داڕشتنی یاسایەک کە 100% مافی خاوەنداریەتی بە کۆمپانیا و سەرمایەی بیانی (ئەجنەبی ) دەدات . وەک ئەنجام سەرمایەگوزاریی کوردی، تورکی ، عەرەبی و ئێرانی پارێزگا کوردیە دواکەوتوەکانی وەک هەولێر و دهۆکیان تووشی گەشیەکی ئابووری رەچاوکراو کرد و حکومەتی هەرێمیش لە ڕێی کامپینێکی بەرفراوانەوە توانی نیشان بدات کە هەرێمی کوردستان نەک هەر بوونی هەیە بەڵکو قوڵپە و جۆشی ژیانیش گرتوویەتیەوە.

**بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، هێشتا لەژێر بەڕەدا، کۆمەڵێ کێشە حەشاردرابوو.** ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان سەرکردایەتی یەکیەتی و پارتی هێشتا لەئارادا بوو. هاوپەیمانی نێوان دووولایەنەکە، هێشتا شکەندە و ناسک بوو. هەرێمە کوردیەکە لە گەلێ رووەوە رواڵەتی فیدرالیەتێکی ناو فیدرالیەتێکی هەبوو، یاخود ئاشکراتر رواڵەتی دوو کۆمپانیای خێزانی گرتبووە خۆ. ئەمڕۆ سەرمایەی بارزانی ( بە دوو ملیار ) و تالەبانی بە ( 400 ملیۆن ) هەڵدەسەنگێندرێن.

خانەوادەی بارزانی و حزبەکەیان ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) هەردوو پارێزگای دهۆک و هەولێری لە ژێردەستدایە و پارێزگای سلێمانی لە بەشی خانەوادەی تاڵەبانی و حزبەکەیانە ( یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان ) . نیپۆتیزم (سیاسەتی خزمایەتی ) بەربڵاوە. مەسعود بارزانی سەرۆکە. برازاکەی سەرۆک وەزیرانە. کوڕە 30 ساڵیەکەی ( مەسرور بارزانی ) بەرپرسی دەزگای پاراستنە و کوڕێکی تری بەرپرسیاری هێزە تایبەتەکانە. هەروەها کە بەشی کوردەکان لە پۆستە فیدرالەکاندا دیاریکرا بارزانی بۆستی وەزیری کاروباری دەرەوەی عیراقی دا بە خاڵی خۆی ( وشیار زێباری ). جگە لەمانە کۆمەڵێ خزمی تر خاوەنی پۆستی بەرچاون جا چ لە حکومەتی هەرێمدا بێت یان حکومەتی ناوەندیی عیراق.

سەرۆکی یەکیەتی، جەلال تاڵەبانی، دوو کوری هەیە. یەکێکیان سەرۆکی دەزگای زانیاریەو ئەوی تریان نوێنەری هەرێمە لە واشنتۆن. هاوەڵزاوایەکی وەزیرە لە بەغدا و یەکێتریشیان باڵوێزی عیراقە لە پێکین و ژنەکەشی (هێرۆ خان ) خاوەنی تەلەفزیۆنێکی سەتەلایتییە . خزمانی تری هەردوو سەرکردەکە مۆنۆپۆلیان هەیە لە دوو بوارە دینامیکیەکەی ئابووریدا، کە پەیوەندی تەلیفۆنی ( telecommunications ) و بیناسازییە ، ئەمە ئەڵبەتە جگە لە مۆنۆپۆلکردنی کەرتە گرنگەکانی تر. وەک نموونەیەکی تری قۆراغی ئابووری دەبینین لە دیسەمبەری 2005 دا شارەوانی سلێمانی ( کە سەر بە یەکیەتییە ) زەویەکی زۆری سەنتەری سلێمانیی دا بە کۆمپانییایەکی خانووبەرەی ( عقار) سەر بە حزب.

هەردوو حزبەکە، دەتوانین بڵێین کە لەسەر شێوە و مۆدێلی حزبی بەعس دروستکراون. واتە کەمایەتیەکی بریاردەر تۆڕێک بەڕێوە دەبەن کە لەسەر پرنسیپی (دەسەڵاتدار \ مەعمیل ) دروستکراوە. بەهەمان چەشنی زەمانی سەدام دەسەڵاتی سیاسی کۆنترۆلی زانکۆکان دەکات. ریکخراوی قوتابیان لەلایەن دوو پارتە رکەبەرەکەوە تەمویل دەکرێن و دەستی درێژی دووپارتەکەن لە زانکۆکاندا و ئەندامایەتی حزبی مەرجە بۆ بەخشینی دەرماڵە و خوێندنی باڵا.

ناوچەکە لەباری دادگوزاریەوە، لە پشێویدایە ( لە فەوزادایە ) ، پێنج جۆرە سیستێمی دادگوزاریی هاوتەریپی تێدایە : دادگای ئاسایی، دادگای دەزگا ئاسایشیەکانی حکومەت، دادگای ئەرتەشی کە تایبەتە بە کێشەکانی نێوان پێشمەرگە، دوو دادگای حزبی و دوو دادگای عەشایری کە تایبەتن بە کێشەکانی نێوان عەشایرەکانی ناوچەکانیان.

رێکخراوی مەدەنی سەربەخۆ دەگمەنە و لاوازن. زۆربەی رێکخراوە مەدەنیەکان سەر بە دوو حزبەکەن و لەلایەن ئەندامانی حزبەکانەوە بەڕێوەبەرایەتی دەکرێن و رۆلی دەستی درێژی حزب دەبینن و هەردوو حزبەکە پارە بەکاردێنن بۆ کۆنترۆل کردنی رێکخراوەکان.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە کەشی ( حکومەتی هەرێمی کوردستان ) گەلێ لە وێنەی کۆمەڵگای دیموکراسی دوورە. گەندەڵی لە ناو هەردوو خێڵەکەدا گەلێ بەربڵاوە. کۆنترۆلێکی بەهێزی ناوچەکانیان دەکەن. ئەم کۆنترۆلە دەزگاکانی راگەیاندنیش دەگرێتەوە. ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە بەرانبەر بەدەسەڵاتیان پەیدا بووە، بە دوژمنی پرسی کورد تاوانباردەکرێت.

هاوکات دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە، ئەمڕۆ دادوستانەکانی ناو پەرلەمان گەرمتربوون و چەند حزبێکی پچوکیشی تێدایە. دەستوور مافی گرووپە مەسیحیەکان، یەزیدیەکان و کەمایەتیەکانی تر دابین دەکات. دوو رۆژنامەی بچووکی ئۆپۆزسیۆن ، ئاوێنە و هاوڵاتی هەوڵدەدەن بە چاوێکی رخنەگرانە حزبە دەسەڵاتدارەکان هەڵسەنگێنن. هاوڵاتی لە 2006 پاش رخنەگرتن لە بەد بەکاربردنی یەکیەتی بۆ دەسەڵات، درا بە دادگا. لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا رۆژنامەنووسی ( کورد ـ نەمساوی ) کەمال سەید قادر ، پاش بڵاوکردنەوەی ئەرتیکلێک ( مەقالەیەک ) لەبارەی گەندەڵی ناو خێڵی بارزانی کە تیایادا دکیۆمێنتی تایبەت بە پیوەندی مەلا مستەفا بارزانی بە ( KGB ) سۆڤیەتیەوە پێشکەشدەکات ، رفێندرا و پاش دادگاییەکی کورت کە

تەنها 15 دەقەی خایاند و حوکمی 30 ساڵ زیندانی بەسەردا درا. ئەم حوکمە پاش پرۆتێستۆیەکی جیهانی و دەستێوەردانی راستەوخۆی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ، راگیرا.
ئەمڕۆ نەوەیەکی نوێ کورد بەڕێوەیە، کە ئنگلیزیەکی چاک دەزانن بەڵام تواناى زمانی عەرەبییان نییە و ئینتیمایان بۆ بەرلین و ستۆکهۆڵمە نەک بەغدا. بۆیە باڵادەستیی لەرادە بەدەری یەکیەتی و پارتی نەک هەردەبێتە مایەی تەشەنەکردنی نارەزایی لای خێڵە بچوکەکان و چینی ناوەند، بەڵکو ئەم نەوە نوێیەش دەگرێتەوە. رێکخراوە ئیسلامیەکانیش دەشێ سەرلەنوێ روو لە گەشەبکەن و بەهێزببنەوە. ئەنسار الاسلام ( کە مەلاکرێکاری پەنابەر لە نەرویج یەکێ لە دامەزرێنەکانیەتی ) تا ئێستا چەند هێرشێکی کردۆتە سەر پارتی و یەکیەتی و بەر لە هاتنی ئەمریکا و پاش هاتنیشیان شەڕی پێشمەرگەی هەردوو حزبی کردووە . لە فەبریوەری 2004 دا رێکخراوێکی تر ، بە ناوی ئەنسار السونە، دژ بە یەکیەتی و پارتی ، لە هەولێردا، کردارێکی خود تەقاندنەوەی ئەنجامدا کە 109 کەسی تێدا کوژرا. پاشان رایانگەیاند کە (( چالاکیەکە بۆ پشتگیری براکانمان ( ئەنسار الایسلام ) بوو)). لە مانگی پێنجی 2007 دوو لۆری بۆمبرێژکراو لە هەولێر تەقینەوە و کەسانێکی زۆریان کوشت، ئەم کردارانە، ئاشکرا لەلایەن کوردی توندڕەوەوە ئەنجام دران نەک جیهادیستی عەرەبی. بۆیە گەربێت و هەوڵەکانی لەشکری ئەمریکی سەربگرێت و باری ئاسایشی بەغدا و ناوچە عەرەبیەکان روو لە چاکی بکات، هیچ دوور نییە کە ئەم گرووپە رادیکالانە، ناوچەی چالاکییان بگوازنەوە بۆ ناوچەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## کەرکوک ـ ئۆرشەلیمی کورد یاخود سەرایڤۆی عیراق

لەگەڵ رەچاوکردنی باسەکانی بەشی پێشوو، دەتوانم بڵێم کە مەزنترین کێشەی سەقامگیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان نە ناکۆکی نێوان یەکیەتی و پارتییە و نە تەشەنە سەندنی ئۆپۆزسیۆنی دژ بەو دوو پارتەیە یاخود دژ بە باڵادەستی دوو خێڵەکەیە، بەڵکو ئەو میراتە ژەهراوییەیە کە سەدام حسێن لەپاش خۆی بەجێی هێشت و بووە پارووی سیاسەتمەدارانی دیماغوج و نەتەوەپەرستانی توندڕەوو. مەبەستم لە شاری کەرکوک و کێشەی خاوەندارییەتی.

کوردەکان دەڵێن کە پارێزگاکەو شارەکە بەشێک بوون لە ژیارێکی کوردی زمان و نزیکەی 2000 ساڵ خاوەنی کارکتەرێکی کوردیی بووە. لە 1921 دا بەریتانیەکان رایانگەیاند کە دانیشتوانی پارێزگاکە بریتین لە 75000 کورد، 35000 تورکومان ، 10000 عەرەب، 1400 جولەکە، 600 مەسیحی کلدانی . پاش چوارساڵ یەکیەتی نەتەوەکان لە راپۆرتێکیدا پێکهاتەی دانیشتووانی ناوچەکەی بەم شێوەیە پێشکەشکرد : 63% کورد، 19% تورکومان، 18% عەرەب. پاش دووزینەوەی نەوت واتە لە 1927 دا شەپۆلێکی عەرەب و ئەرمەنی و مەسیحی ئاسووری روویان لە ناوچەکە کرد . لە 1935 دا، وەک ئەنجامی جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی ئاوویاری و کشتوکاڵی مەزن کۆمەڵێکی زۆر خێزانی عەرەب لە ناوچەکانی باشووری رۆژئاوای کەرکوک جێگیربوون. هەروەها پاش راگەیاندنی سەربەخۆیی عیراق ژمارەیەکی زۆر کارمەندی عەرەب پۆستی بەرێوەبەرایەتیەکانی ناوچەکەیان گرتەدەست.
دوا ئاماری کە تارادەیەک دەکرێ پشتی پێببەسترێ، ئاماری 1957 تە. بەپێی ئەو ئامارە کورد کە رێژەیان 48% بوو، گەورەترین پێهاتەی دانیشتوانی پاریزگاکە بوون و بەرێژەیەکی گومان لێنەکراویش گەورەترین پێکهاتەی ناوچەکانی دەوروبەری شاری کەرکوک بوون. لەناو خودی شاردا رێژەی تورکومان 37،6 % بوو، کورد 33.3 % بوو. عەرەب 22.5 % بوو. بە کورتی دەتوانین بڵێین کە کەرکوکی ئەو دەمە شارێکی فرە نەتەوەیی بوو کە دەوروبەرەکەی بە زۆربەییەکی کوردیی چنرابوو.

**پاش کۆدێتای بەعس** خودی شارەکەو پارێزگاکە بە گشتی دووچاری حەملەیەکی گۆرینی دیمۆگرافی بێرەحمانە بوون :
ـ سنوورەکانی گۆڕان. ناوچەی عەرەبنشینی پێوە لکێنرا و ناوچەی کورد نشینی لێ دابڕاو خرانە سەر سنووری پارێزگای تر.

- ناوی گۆڕا بۆ تەئمیم.
- عەربی شیعە لەباشوورەوە چ بە زۆر و چ بە زەبری پارە و یارمەتی رەوانەی کەرکوک کران.
- دامەزراندنی کورد لە دەزگا نەوتیەکاندا راگیرا.
- کورد و تورکومان راگوێزرانە دەرەوەی پارێزگاکە و دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا گیرا.
- تۆماری دانیشتووان ( سجلی نفووس ) تەزویر کرا.

یەکێ لە بەڵگە سەلمێنەرەکانی ئەم رووداوانە، لە راپۆرتێکی پارێزگاری کەرکوکدا دەبینینەوە کە لە کۆتاییەکانی 1988 دا بۆ تاها یاسین رەمەزانی ناردووە. ئەم بابایە ( تاها یاسین رەمەزان ) هەرچەندە خۆی کورد بوو بەڵام بەرپرسی مەلەفی تەعریب کردن بوو و لە 1991 وە تا رۆخانی سەدام پلەی جێگری سەرۆکی هەبوو. راپۆرتەکە رادەگەێنێ کە لە مانگی 6 ی 1985 وە تا ئکتوبەری 1988 ، 19146 کەس لە ناوچە موحەرەمەکان راگوێزراون و 96533 کەسیش لە کەرکوکەوە رامالّی پارێزگای هەولێر کراون، بەو نیازەی کە پاشان لە هەولێرەوە رەوانەی شوێنی تر بکرێن. هاوکات 2405 خێزان لە ناوچە نزیک بە دەزگا نەوتیەکان دەرکراون و 10918 خیزانی عەرەب ( کە بریتیبوون لە 53834 کەس ) لە پارێزگای ترەوە هێنراونەتە پارێزگای کەرکوک. راپۆرتەکە بەردەوام دەبێ و دەڵێ : لە رێگەی ئەم کارانەوە ئەمڕۆ عەرەب گەورەترین گروپی کەرکوکن و لە کۆتایشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (( پرۆسەی راگواستن لە ناوەندی شاردا رەوتی خۆی گرتۆتە بەر )).
پاش جەنگی کەنداو لە 1991 دا، پرۆسەی پاکتاوی رەگەزی گورجییەکی نوێی بەخۆوە دیت. بەپێی هەڵسەنگاندنی ( Human Rights Watch ) لە ماوەی نێوان 1991 - 2003 نزیکەی 120000 تا 200000 (ناعەرەب) لە ناوچەی کەرکوک راگوێزراون .

گەر بێینە سەر باسی هەریمی کوردستان. دەبینین، یەکەم رەشنووسی دەستووری هەرێم لە 1992 دا، کەرکوک وەک پایتەختی داهاتووی هەرێمەکە دەسنیشان دەکات. پاش هەرەسی سەدام داواکاریە کوردیەکان روونبوون :
- داماڵینی رەوایی سیاسەتی تەعریب و راگواستن.
- هەناردنەوەی گشت عەرەبە هاوردەکان، بەوانەوەی کە لە کەرکوکدا لە دایک بوون.
- دەوڵەتی عیراق بەرپرسە لە قەرەبووکردنەوە و دامەزراندنەوەی عەرەبە هاوردەکان لە ناوچە رەسەنەکانیاندا.
- پاش گەراندنەوەی کوردە راگوێزراوەکان و گێرانەوەی باری دێمۆگرافی ناوچەکە بۆ دۆخی جارانی. لەڕێی ریفراندۆمەوە پەیوەستیە داهاتوویەکانی شارەکە و پارێزگاکە دیاری دەکرێن.
لە دیدی کوردەوە، ئەنجامی ریفراندۆمی کەرکوک گوومان هەڵگر نەبوو: (( بێگومان خەڵکی پارێزگاکە دەنگ بۆ ئەوە دەدەن کە ببن بە بەشێک لە هەرێمی حکومەتی کوردی و " ئۆرشەلیمی کوردەکان " نەک هەر دەبێ بەبەشێک لە هەرێمەکە، بەڵکو دەبێ بە پایتەختی هەرێم )).
بۆیە پشتگیری کورد بۆ باڵادەستی شیعە لە حکومەتی ناوەندیی عیراقدا، بەمەرجی بەڵێن بوو : حکومەتی ناوەندیی بەغدا بەڵێن بدات کە لەڕێی دەنگدانەوە پەیوەستیی کەرکوک دیاری بکرێت. بۆیە بەپێی بڕگەی 140 ی دەستووری عیراق قەوارە و باری سیاسی کەرکوک پاش ئامارێکی سەرژمێری و ریفراندۆمێکی ناوچەیی دیاری دەکرێت.
بۆ ئەم مەبەستەش، لە هاوینی 2006 دا، بۆ داڕشتنی خشتەیەکی کات ( جدول زمنی ) بۆ ئەو پرۆسەیەی کە کوردەکان پێیان دەگووت (ئاسایی کردنەوە ) کۆمیسیۆنێکی تایبەت دامەزرا. کۆمیسیۆنەکە ئەم نەخشەیەی پێشکەشکرد:
- گۆرینی نەخشەی ئیداری لە ئازاری 2007 دا.
- سەرژمێریی لە مانگی هەفتدا.
- ریفراندۆم لە دیسەمبەری هەمان ساڵدا.

سەرکردە کوردەکان ئەم نەخشەیەیان وەک چارەنووس ساز لە خامەدا و هەڕەشەیان لە حکومەتی ناوەندیی عیراق کرد کە (( گەربێت و ئەم بڕگەیە جێبەجێ نەکرێت، دەکشێنەوە لە حکومەت )) .

بەڵام ئەو پرۆسەیەی کە لە دیدی کوردەوە وەک ( پرۆسەیەکی دیموکراسی و کراوە و ئازاد ) دەدیترا، لە لایەن عەرب و تورکومان و مەسیحیە ئاسووری و کلدانەکانەوە، بە ( میکانیزمێکی دەستێوەردراو بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئارەزووەکانی گرووپێکی نەتەوەیی ) لەخامەدرا. لەماوەی نێوان روخانی سەدام و پایزی 2006 ، بەپێی راپۆرتی (International Crisis Group ) رێژەی دانێشتوانی کەرکوک لە 850000 وە گۆڕا بۆ 1150000 . نزیکەی 350000 کورد گواستیانەوە کەرکوک و 150000 عەرەب جێیانهێشت. ئەڵبەتە، راگوێزانی زۆرەملی عەرەب لە کەرکوک، رووداوێکی گەلێ دەگمەنە. بەڵام گەلێکیان گلەیی ئەوە دەکەن کە لەلایەکەوە بێکارکراون و نارەحەتدەکرێن. لەلایەکیشەوە، بەمەرجی جێهێشتنی ناوچەکە بەرەو بەشەکانی تری عیراق، خەڵاتی پارە و دیاریان دەخرێتە بەردەم.
لەم بارەیەوە دەستوور باسی ( گواستنەوەیەکی ئارەزوومەنداو لەسەر بنەمایەکی یاسایی و پاش قەرەبوو کردنەوەیەکی تەواو ) دەکات . هەرخێزانێکی کە ( نفوس و وەرەقەی بایعی ) بگوازێتەوە شوێنێکی تر 16000 دۆلار و پارچەیەک زەوی دەدرێتێ. بە گوتەی سیاسەتمەدارێکی کورد لە کەرکووک ( ئەوانەی بۆ پارەهاتن بە پارەش دەڕۆن ).
بەپێی راپۆرتی International Crisis Report تا سەرەتاکانی 2007 نزیکەی 8000 خێزان بڕیاری گواستنەوەیان دابوو، بەڵام ئەمانە لە رواڵەتدا سەر بەو هۆزە شیعانەی باشووری عیراق بوون کە خۆیان بە بەشێک لە قوربانیەکانی سیاسەتی راگواستنی زۆرەملی رژێمی بەعس دەدیت.

عەرب و تورکومان ئاشکرا رایانگەیاند کە بایکۆتی ریفراندۆمەکە دەکەن و گەلێکیشیان ئامادەیی شەڕکردنیان دەربڕی لە پێناو راگرتنی کارێکی لەم جۆرە. بۆیە (لەبەر ئەم دژایەتی و هەڕەشەیە) ئەوەی پیی دەگوترا پرۆسەی ئاساییکردنەوە نەکەوتە قۆناغی جیبەجێکردن و لە 26 دیسەمبەری 2007 دا، 94 ئەندام لە کۆی 111 ئەندامی پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای دواخستنی ئەو ریفراندۆمەیان کرد کە دەبوایە بەر لە کۆتایی ساڵ بگیرێت.
نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم، رایگەیاند کە بڕیارەکە پەیوەندی بە (( هۆی تەکنیکیەوە )) هەیە، و گوتی کە ئەم کێشەیە بەپێی میکانیزمێکی نوێی چاودێریی UN وە چارەسەردەکرێت و 6 مانگی کە دەتوانرێ ریفراندۆمەکە ئەنجامبدرێت.

جا، تا کاتی نووسینەوەی ئەم دێڕانە کۆمەڵێ پرسی سەرەکی بە کراوەیی و بێ وەڵام مابوونەوە، لەوانە:

- ئەم ریفراندۆمە بەتەواوی لەبارەی چییەوەیە ؟ پرسیارەکانی لە دەنگدەران دەکرێن چین ؟ ئایا تەنها لە پارێزگای کەرکوک دەگیرێت یاخود ( ناوچە دابڕاوەکانیش - المناطق المتنازع علیها ) دەگرێتەوە ؟ کامانەن ئەم ناوچە دابڕاوانە و سنووریان تا کوێیە ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەستوور بێسوودە چونکو نە بڕگەی ( المناطق المتنازع علیها ) پێناسەدەکات و نە ئاماژە بۆ هیچ جۆرە سنوورێک دەکات.

- ناوچەکانی دەنگدان ( بنکەکانی دەنگدان ) چۆن دابەشکراون؟ رێژەی چەندی دەنگ رەوایی بە ئەنجامەکە دەبەخشێ ؟ کێ بەرپرسیارە لە ئامادەکردنی لیستەکانی هەڵبژاردن و کێ چاودێری هەڵبژاردنەکان دەکات ؟ ئایا دەنگدانەکە تەنها لەسەر ئەوەیە کە ((کەرکوک ببێ بە بەشێک لە هەرێمی کوردستان یان نا)) ، یاخود دەنگدەر چەند ئەلتەرناتیڤێکی جیاوازی دەخرێتە بەردەست تا لێیان هەڵبژێرێ ؟ بۆنموونە:
کەرکوک لەژێر دەستی دەسەڵاتی ناوەندیدا بمێنێتەوە .
کەرکوک ببێت بە بەشێک لە هەرێمی کوردستان .
کەرکوک ببێ بە هەرێمێکی سەربەخۆ.
کەرکوک لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا تایبەتمەندی سەربەخۆی هەبێ .

ـ کێ مافی دەنگدانی هەیە ؟ گەوهەری ئەم باس و پرسیارە، پەیوەندی بە دوو گروپی سەرەکیەوە هەیە. عەرەبە هاوردەکان ( وافدین ) و کوردە راگوێزراوەکان. لایەنی کوردی دەڵێ تەنها ئەوانەی کە لە سەرژمێریی 1957 دا ناوونووسکراون، خۆیان و نەوەکانیان بۆیان هەیە دەنگ بدەن. ئەویش لەبەر ئەوەی کە سەرژمێریی 1957 دوا سەرژمێری متمانەبەخشی بەر لەهەرەسی پادشایەتی عیراقە.
ـ کە باسی وافدین دەکرێت، توشی کێشەی ( پێناسە دەبین )، وافدین کامانەن ؟ لە دیدی کوردەوە، گشت ئەوانەی کە لەسەردەمی سەدامدا هاتوونەتە ناوچەکە، خۆیان و منداڵیان و منداڵی منداڵێشیان، وافدینن. هاوکات ئەوانەش دەگرێتەوە کە لە باوکێکی عەرەب و دایکی کوردەوە لەدایک بوون.
ئەمڕۆ، گەلێ لەوانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ( وافدین ) ئینکاری ئەوە دەکەن کە سەر بەم گرووپە بن ، و دەڵێن کە هاتنیان بۆ کەرکوک ئارەزوومەندانە بووە و لەبەر ئەوە بووە کە کاریان لە کەرکوک دەستکەوتووە . دەڵێن کە کورد و تورکومانیش هەن کە (وافدینن ) بۆیە دەبێ هەموو وەک عیراقی تەماشا بکرێن. دەڵێن کە عەرەب و تورکومانیش لە سەردەمی سەدامدا توشی راگوێزانی زۆرەملی بوون.

ـ سیاسەتمەدارنی کورد ، دەڵێن کە ( ئەو وافدینانەی دەمێننەوە و نارۆن ، مافی دەنگدانیاین نابێت).
ئەما ستێزی ( جدل، ئەرگومێنت ) لایەنە دژەکە، رەوتێکی تری هەیە، دەڵێن : گشت کەسێک دەبێ مافی دەنگدانی هەبێ، لە عیراقێکی ئازاد و دیموکراسیدا، هاوڵاتی بۆی هەیە کە ئازادانە شوێنی جێنشین هەڵبژێرێ و نابێ لەسەر بنەمای جێ نشینگە مافی دەنگدانی لێزەوت بکرێت. بۆیە ئەو وافدینانەی کە بڕیاری مانەوە دەدەن دەبێ مافی دەنگدانیان هەبێ.
هاوکات کوردیش هەن، گلەیی لەوە دەکەن کە بەزۆر لە کەرکوک ناونووس کراون. جگە لەمانەش دەبینین، رێنەدان بە ناوونووس کردنی نەوزادان(نوێ لەدایکبوان)، لە گەلێ حاڵەتدا بۆتە هۆی دەرنەهێنانی ( بەڵگەنامەی لەدایک بوون) .

**جگە لەمانە، کێشەی وابەستەگی پارێزگای کەرکوک روویەکی تریشی هەیە کە راستەوخۆ پەیوەستی پرسێکی سیاسی ناسکە ( هەرچەندە، لە راستیدا نەدەبوایە شێوەی کێشە بەخۆیەوە بگرێ، چوونکە لەدەستوردا چارەکراوە ).**

**6%** گەنجینەی نەوتی جیهان و 40% گەنجینەی نەوتی عراق و گازێکی زۆر لە پارێزگای کەرکوکدایە، بۆیە مێدیای جیهانی پتر کێشەکە وەک شەڕی نەوت و توانای بژێویی ئابووری هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکات.
بەڵام بەپێی دەستووری عیراق، دەبینین لەبڕگەی 111 ی هاتووە کە ( نەوت و گاز موڵکی هەموو خەڵکی عیراقە ) و بڕگەی 112 دەڵێ : داهاتی نەوت و گاز بەشێوەیەکی رێژەیی بەسەر گشت وڵاتدا دابەش دەکرێت و ئەو ناوچانەش دەگرێتەوە کە نەوتیان تێدانییە.
بیرە نەوتیەکانی کەرکوک لە 1932 وە نەوتی لێدەردەهێنرێت، بۆیە بەر بڕیاری بڕگەکانی دەستوور دەکەون. ئەمەش ئەوە دەگەێنێ، گەر بێتو کەرکوک ببێ بەبەشێک لە هەرێمی کوردستان ، ئەوە بێ رەچاوکردنی پەیوەستی و سنووری پارێزگاکە، داهاتی نەوت بەپێی رێژەی دانیشتوان بەسەر گشت ناوچەکانی عیراقدا دابەش دەکرێت. گەر هاتوو هەرێمی کوردستان خۆی لە عیراق جیاکردەوە، ئەوە ماف و بەشی نامێنێت لە نەوتی بەشە عەرەبییەکەی عیراقدا.

کەواتە وەک ئەنجام، قۆرغکردنی نەوتی کەرکوک ، لە روانگەیەکی دووربینانەوە، قەرەبووی ئەو بەش و پشکە نەوتە ناکاتەوە کە دەستوور بۆ کوردی گەرەنتیکردووە (بەشێکی چەوری کێکە گەورەکە سەرنجراکێشترە لە گشت کێکە بچووکەکە). بۆیە لە بەرژەوەندی کورددایە کە جودابوونەوە و سەربەخۆیی هەڵگرێ بۆ ئەو دەمەی کە نەوتی عیراق تەواو دەبێت و وشک دەبێت. بۆیە لەراستیدا دۆزی نەوت و کێشە سیاسیە سەرەکیەکە کە عایدیەت و سنووری پارێزگای کەرکوکە، دەبێ لێک جودابکرێنەوە.

**بەڵام، لەگەڵ بوونی ئەم راستیەش، مەسەلەی نەوت ئەمڕۆ دوو کێشەی تری هێناوەتە ئاراوە کە ئاڵۆزییەکی پتریان بە خودی کێشە سەرەکیەکە بەخشیوە.**

وەک پێشتر باسمانکرد، دوا ئاماری سەرژمێریێ نیمچە باش لە 1957 دا کرا. ئەمڕۆ کە باسی دابەشکردنی داهاتی نەوت دەکرێت، ناکۆکی لەسەر چەندیی بەشی کورد پەیدا بووە. خودی کورد دەڵێ کە 17% دانیشتوانی عیراق پێکدێنن، بۆیە دەبێ بایی ئەوەندە داهاتی نەوت بدرێت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام لایەنی عەرەبی دەڵێ رێژەی دروستی کورد لە عیراقدا 13%. ئەمە لە لایەکەوە. لە لایەکی دیکەوە ، پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئۆگوستی 2007 دا، قانونێکی (هەرێمیی) نەوتی دەرکرد. کە وەزیری نەوتی بەغدا بە نایاسایی لە خامەیدا. هۆدانی رەسمی KRG بۆ ئەم قانونی نەوتە ئەوە بوو کە وەزیری نەوت بۆ واژۆکردنی کۆنتراکت پەیڕەوی یاسایەک دەکات کە لەسەردەمی سەدامدا دانراوە و کورد ئەوەی پێ قەبووڵنییە، بۆیە مافی خۆیانە کە پەیمانی نەوت و گاز لە هەرێمدا ببەستن.

لەکاتی دەرکردنی ئەو قانونەوە تا ئەمڕۆ، حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکە 20 کونتراکتی نەوت پشکنینی لەگەڵ کۆمپانیای بیانی ( لەوانە، کۆمپانیای کەنەدی و نەرویجی و تورکی ) مۆرکردووە. مەرجی بەدەسهێنانی مافی نەوت پشکنین و بەرهەمهێنانی، بەپێی ئەو زانیاریانەی لە کۆمپانیا بیانیەکانەوە هاتووە :

1- بەستنی پەیمانێکی هاوکاری لەگەڵ کەسێکی سەر بە بارزانی.
2- 10% سەرجەمی داهاتە داهاتوویەکان بۆ خودی بارزانی دەچێت.
3- 10% یشی بۆ خەزێنەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق دەچێت.

جا لەکاتێکدا کە کوردەکان بەمافی خۆیانی دەزانن کە پەیمان لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا ببەستن. حکومەتی ناوەندی عیراق ئەم پەیمانانە بە نایاسایی پێناسەدەکات و هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ناوی ئەو کومپانیانە ( ئەوانەی کە پەیمانی نەوت و گاز لەگەڵ KRG مۆردەکەن ) دەخاتە لیستی رەشەوە .

گەر، دەس لە باسی نەوت هەڵگرین و بێینەوە سەر باسی کێشە سیاسیەکەی کەرکوک. دەبینین هەر لەسەرەتاوە و بەر لە پاشخستنی دەنگدانی دیسەمبەری 2007 باری کەرکوک چەشنی بۆمبێکی رەگەزیی هەبووە، کە هەمیشە لە ئانو ساتی تەقینەوەدا بوو. راپۆرتی (International Crisis Group ) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە کەرکوک خەریکە وەک بەغدای لێدێ، گەرەک بەگەرەک دابەشدەبێت ( گەرەکی کورد، و گەرەکی عەرەب و گەرەکی تورکومان و گەرەکی ئاسووری و گەرەکی کلدانیان و ... هتد) و رێژەی تەقینەوەی ئۆتۆمبیلی بۆمبرێژکراو لە زیادبووندایە و قوربانیەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە.
بۆیە، لەدیدی منەوە، زەحمەتە لە هاوینی 2008 یشدا ریفراندۆمێک بکرێت کە لەلایەن ( ناکوردەکانەوە ) پەسەندکرابێت. گەر بێتو ئەو ریفراندۆمە لەو کاتەدا بگیرێت ئەوە نەک هەر لەلایەن ( ناکوردەکانەوە ) رەفزدەکرێت بەڵکو بگرە لەلایەن لایەنە نێودەوڵەتیەکانیشەوە پەسەند ناکرێت و زیانێکی تەواو بە رەوایی ( حکومەتی هەرێمی کوردستان ) دەگەێنێ. هاوکات، لەرووانگەیەکی گشتییەوە، دواخستنێکی تریشی دەنگدانەکان، بەبێ پێشکەشکردنی ئەلتەرناتیڤی نوێ .. کێشە سەرەکیەکە چارە ناکات.

گەر لێرەدا وێسەیەک بکەین و هەندێ روو لە کورد وەرچەرخێنین تا دیدێ لە وێنەی عەرەب و تورکومانی کەرکوکیش بکەین. دەبینین کە ئەم گرووپانە لە ناو خۆیاندا ناتەبان، بەش بەشن و بێ سەرکردەی خاوەن رەوایین. دژایەتی لە نێوان عەرەبە سوونەکان ( کە سەر بە بنەماڵە رەسەنەکانی کەرکوکن ) و عەرەبە شیعەکاندا ( نوێ هاتووەکان ) هەیە. تورکومانیش بەهەمان شێوە. دابەش بوون بۆ شیعە و سوونە. تورکومانە شیعەکان هاوپەیمانی سیاسیان لە گەڵ عەرەبە شیعەکان بەستووە و حاشا لەوە دەکەن کە بەشێکن لە پاشماوەی تورکەکان. تورکومانە سوونەکانیش گازندە لەوە دەکەن کە تورکیا تازە بایەخیان پێدەدا بەڵام (لە سەردەمی رژێمی زەبردەستی سەدامدا خۆی ماتدابوو و قڕەی لەخۆ چنیبوو).

**کێشەی کەرکوک وەک چۆن لایەنی سیاسی و ئابووری هەیە، لایەنی سایکۆلۆجیشی هەیە. یەکێ لە کێشە ساکۆلۆجیەکان ئەوەیە کە کورد خۆی وەک قوربانی دەبینێت ، لەکاتێکدا ئەوانی تر کورد بە زەبردەست و دەسەڵات زەوتکەر دەبینن.**

بۆیە لایەنی کوردی ، دەبێ باوەڕی بە گرنگی دیالۆگ هەبێت لەگەڵ لایەنەکانی تردا. ئەو لایەنانە دەبی مافی زیاتریان بدرێتی لەوەی کە لە دەستووری هەرێمدا هاتووە. دەستووری هەرێم، تەنها لە دوو بڕگەدا ئاماژە بۆ ئەو لایەنانە دەکات. یەکێکیان، دانیان پێدا دەنێ وەک هاوڵاتی هەرێم و ئەویتریشیان عەرەبی و کوردی بە زمانی رەسمی دەناسێنێ و ماف بە ئاسووری و تورکومان و ئەرمەنی دەدات کە زمانی خۆیان لە قوتانخانەکاندا بخوێنن. ئەم مافانە دەتوانرێ بەرفراوانتربکرێن، بۆ نموونە دەتوانرێ ئەرمەنی و تورکومانیش بکرێن بە زمانی رەسمی و رێبدرێ لە دادگاشدا بەکاربێن.

چارەیەکی تری کە رێگردەبێ لە بوونی کەرکوک بە سەرایڤۆی عیراق، ئەوەیە کە هەرێمی کەرکوک جێی تایبەتی خۆی پێببەخشرێ لە چوارچێوەی عیراقی فیدرالدا. بکرێ بە هەرێمێکی سەربەخۆ و دەسەڵاتی بەشێوەیەک تێدا دابەشکرێ کە لایەنەکانی تریش بەشداربن تێیدا، ئەمەش هەمیسان ئەوە دەگەێنێ کە دەستووری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ گۆڕانی بەسەردابێت.

کەمایەتیەکان پێویستە مافی ئۆتونۆمییان هەبێت لەو ناوچانەی کە زۆرینەن تێیدا ( کەئەمڕۆ بەشێکە لە داواکاری ئاسووری و کلدانەکان). گەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێ ئەو پاراستن و مافەی کە کەمایەتیەکان چاوەڕوانین دابینکات، ئەو دەما پەیوەندیکردنی خودویستانەی کەرکوک بە هەرێمی کوردستانەوە بۆ کەمایەتیەکان واتای بەرفراوانی مافەکانیان دەبەخشێ لەچوارچێوەی ئەو ئاسایشە رێژەییەی کە حکومەتی هەرێم لە ناوچەکەدا فەراهامی دەکات.

لەگەڵ ئەمانەشدا، گومان لەوەدا نییە کە چارەسەریەکی سەقامگیر بۆ کێشەکە:

- لەسەر ئاستی ناوچەیی، پێویستی بە نێزیک بوونەوەی خودی لایەنە کێشەدارەکان و ئەنجامدانی هەنگاوی متمانەبەخش هەیە.
- لەسەر ئاستی نەتەوەی و نێونەتەوەیشدا، پێویستی بە دادوستانی نێوان ئەکتەرە بەشدارەکان هەیە.

هەرێمەکە لە رووی جوگرافییەوە، داخراوە. دراوسێکانی، لێی بەگومانن و رێ بە تاکە دەسەڵات نادەن لە کەرکوکدا. ئەم رەوشتە، تەنها تورکیا ناگرێتەوە، بەڵکو ئەمریکاش دەگرێتەوە. ئەو ئەمریکایەی کە پێشتر لەپێناو بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکانی خۆیدا، بێبەزەییانە کوردی کردە قوربانیی.

بۆیە بۆ کورد ئەمڕۆ ، رەقی نیشاندان لە کێشەی کەرکوکدا، بەرهەم بەخش نییە. لەبری ئەو رەقییە دەبێ رای گشتی کوردیی ئامادەبکرێت بۆ ئەگەری ( پێویستی سازیین / تنازل ) . ئەمڕۆ هیچکام لە دوو پارتە گەورەکە ، پاش ئەو قسە گەورانەی کە کردوویانە، بە چاکی نازانن نەرمی لە کێشەی کەرکوکدا نیشاندەن. کە بارزانی باسی ( دڵی کوردستانی ) کرد، تالەبانی بە ( قودسی کوردستان ) وڵامی دایەوە. تا ئەمڕۆش سیاسەتی ( موزایەدە کردن ) لە نێوانیادا بەردەوامە. لە کاتێکدا تالەبانی بەرابەر بە هێرشی تورکیا بۆ سەر پەکەکە جۆرە تێگەیشتنێک نیشاندەدا، بارزانی وەک ( هێرشی دژ بە هەموو کورد ) وەسفی دەکات. قسەیەکی سەیرە، لە پیاوێکەوە، کە خۆی دە ساڵ پێش ئەمڕۆ بۆ شەڕی هەمان رێکخراو داوای یارمەتی لە لەشکری تورکیا کرد و یارمەتیشدرا. بەو یارمەتییەشەوە، ئنجا پارتی ، پەکەکەی پێ نەبەزێندرا ، بۆیە ناچارانە روویان لە چارەگەلی تر کرد، وەک لە گۆشەخزاندن و سنووردارکرنی جوڵەی پەکەکە و رێنەدان بە هاتوچۆی جورنالستی بیانی و رێنەدان بە سوود وەرگرتن لە میدیاکان.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەیمۆنتێی کوردان ؟**

تورکیا گەورەترین دژە بە پەیدابوونی دەوڵەتێکی کوردیی لە باکووری عیراقدا و گومانیش لەوەدا نییە کە، راگەیاندنەکانی ئەم دواییەی بارزانی دژ بە تورکیا، مەترسیەکانی تورکیا لە دامەزراندنی ئەم جۆرە

دەوڵەتە پتر دەکات و هاوکات ڕێگا خۆشدەکات بۆ تورکیای ناحەز کە بەچاوی پەیمۆنتیی ( ئەو هەرێمەی کە پرۆسەی دروستبوون و یەکگرتنەوەی ئیتالیا لێوەی دەستی پێکرد ) کورد بڕوانێتە سەربەخۆیی ئەو هەرێمە. واتە وەک هەرەشەیەکی ڕاستەوخۆی دەبینی بۆ سەروەری تورکیا.

هاوکات لە بەری تورکیشدا، دەبینین ڕاگەیاندنی سیاسەتمەدارانی دەوڵەتی تورکی ئاشکرا ڕوخساری خۆ بەدرۆخستنەوەی پێوەیە . چونکە، ئەو سیاسەتمەدارە تورکانەی کە چالاکانە ئاگری ئەم تێزە ( دەوڵەتی کوردی هەڕەشەیە بۆ سەروەری تورکیا ) خۆشدەکەن هەمان سیاسەتمادارانن کە ئینکاردەکەن کورد خاوەنی ئایدەنتیتیەکی هاوبەش بێت، لەوەش زەقتر، حاشادەکەن لە بوونی میلەتێک بەناوی کورد. ئەوجا لەبوونی دەوڵەتی کوردی دەترسێن.

گەر بێتو لەم تێزی هەڕەشەیە ( دەوڵەتی کوردی هەرەشەیە بۆ تورکیا ) وردبینەوە. دەبینین خودانەکانی ئەم تێزە بەچەند مەزەندەیەکی گومانرەنگ پشت ئەستوورن. لەوانە:

یەک : بێ ڕەچاوگرتنی، جیاوازیی باری مێژوویی، و جیاوازیە ئاینی و زمانەوانی و ناوچەییەکان، وا دەزانن کە کوردی باشوور و باکوور خاوەن کەسایەتی و ئایدەنتیتیەکی هاوبەشن. بۆیە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی لە باشووردا، کوردی باکوور ئۆتۆماتیکی خۆیان بە بەشێک لەو دەوڵەتە دەزانن.

دوو: وا مەزەندە دەکەن کە ، کوردی عیراق یەکگرتنەوەیان لەگەڵ کوردی تورکیا پێ گرنگترە لە پایەگوزارکردنی هاوسایەتیەکی بەهێز لەگەڵ ئەو تورکیایەی کە لە باری ئابووری و ستراتیژی و جیۆپۆلێتیکانەوە پێویستی پێیەتی.

بەڵام، دادە سیاسی و مێژوویەکان تەریبی ئەم دوو خاڵە نین. لەراستیدا، گەر بێت و یەکگرتنەوەیەکی لەم جۆرە روویدات، ئەوا کوردی عیراق دەبێ بە کەمایەتی. ئەمەش باری مۆلدۆڤومان بەیاد دێنێتەوە، ئەم کۆمارە سۆڤیەتیە رۆمانی زمانە، پاش هەرەسی سۆڤیەت, سەربەخۆیی پێ چاتربوو لە یەکگرتنەوە لەگەڵ رۆمانیای دایکدا. **هەرچەندە لە باری ئابوورییەوە پێویستی بە رۆمانیا بوو،** بەڵام پێی باش نەبوو ببێ بە هەرێمێک لە هەرێمە کەناریەکانی دەوڵەتی رۆمانیا. بەڵێ ، مۆلدۆڤا لەباری ئابووریەوە پێویستی بە رۆمانیا بوو، ئنجا یەکگرتنەوەی هەڵنەبژارد. کوردی عیراق لە باری ئابووریشەوە پێویستیان بە باکوورنییە تا هەوڵدەن دەوڵەتێ دروستکەن کە ئەوبەری سنووریان بگرێتەوە. هاوکات گومان لەوە دەکرێ کە چوار، پێنج ملێۆنە کوردەکەی عیراق ئارەزووداربن کە داهاتی نەوتیان لەگەڵ 15 ملیۆن کوردی تورکیادا بەشکەن. ئەمە وەک ئەوەیە بڵێی نەرویجیەکان لەپڕ ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن بۆ دابەشکردنی داهاتی نەوت و غازیان لەگەڵ برا سویدیەکانیاندا.

گەر تورکیا بێتو کێشەی کوردی خۆی ، چ لە چوارچێوەی پرۆسەی خۆگونجاندن بە یەکیەتی ئۆرووپی، یان لەدەرەوەی ئەو پرۆسەیەدا، چارەسەرکات و مافە سیاسی و فەرهەنگیەکانیان بە تەواوی مسۆگەرکات ئەودەما رەونەقی ( دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە باکوری عیراقدا) روو لە کزی دەکات. جا تا ئەم سیناریۆیە ببێ بە بەشێک لە راستی، بەر لە هەموو شتێک پێویستە پرۆسەی ئەندامایەتی تورکیا لە یەکیەتی ئۆرووپیدا گورجییەکی جۆریی بەخۆوە ببینێ و لە قاڵبی خەونێکی دوور دەرچێ. لەبەر ئەوەی:

- قەبووڵ کردنی تورکیا وەک ئەندام، لە خۆیدا دڵنەوایی و گەرەنتییەکە بۆ پاراستنی قەوارەی وڵاتەکە و دابەش نەبوونی .

- قەبووڵ کردنی تورکیا وەک ئەندام، دەسەڵاتی لەشکری تورکیا بەسەر دەزگای سیاسیدا، گەلێ لاواز دەکات و حکومەتێکی تورکی کە لەژێر چەپۆکی لەشکردا نەبێت، هەمان رادەی مەترسی نابێت لە هاوسایەتی دەوڵەتێکی کوردیی.

کاتی ئەوە هاتووە کە دەوڵەتی تورکیا بەجدی لەخۆی بپرسێ، کێی پێ باشترە وەک هاوسێ ؟ لوبنانێکی نوێ لە فۆرمی عیراقیکی هەرسخوردەی پڕئاژاوە. یاخود، دەوڵەتێکی سەربەخۆی سەقامگیری کوردیی لە باکووری عیراقدا، کە جیای دەکاتەوە لە عیراقیکی پڕ شەڕوشۆر و ئاگری دوژمنایەتی نێوان شیعە و سوونە. جگە لەمانەش ئەو دەوڵەتە کوردیە بچووکە لە تەک تورکیای مەزن و خاوەن لەشکری بەهێزتر، رەنگی

(مەحمیەی – پارێزگەیەکی ) لێدەنیشی و تورکیاش رۆڵی پرۆتێکتۆرێک (PROTECTOR – پارێزەر) دەگرێتە خۆ.
لە دیدی منەوە، ئەوترسە مێژووییەی تورکیا بەرابەر بە پەیدابوونی دەوڵەتێکی کوردیی بچووک نیشانی داوە و نیشانی دەدات، تەنها رەنگاوی خۆ بەگەورەتر زانینێکی مێژووییە، دەنا لەراستیدا هۆ و زەمینەی لەدەستداوە . بۆیە ئەنقەرە، نابێ لەمەو پاش بە چاوی دوژمن بروانێتە کوردی عیراق، و لەبری ئەو دیدە رەشە، دەبێ لە پرۆسەی گەشەپێدان و سەقامگیریی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیادا وەک هاوپەیمانێکی سروشتی بیانبینێ.

ئۆتۆنۆمی کوردی عیراق، راستییەکی سیاسیە. تورکیا دەبێ دانی پێدابنێ و پەیوەندیەکانی لە گەڵ هەردوو ناوچە ئۆتۆنۆمەکەی هەرێمەکەدا ( کە لە واقعدا دابەشکراوە ) بەهێزکات. حکومەتی تورکیا دەبێ ئەوراستییە تێبگات کە فیدرالیزم وەک سیستێمێکی سیاسی لە عیراقدا (( هاتووە تا بمێنێ )) و ئەو دۆخەی ئێستای عیراق بۆ تورکیا باشترە لەوەی پێش 20 ساڵ تێیدابوو.

هاوکات، ئەمڕۆ بۆچوون لە ناو خەڵکی تورکیاشدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. باوەڕ بە حەتمیەتی پەیدابووی جۆرە دەوڵەتێکی کوردیی لە باکووری عیراقدا، و باوەڕ بەوەی کە ڕووداوێکی وەها لە بەرژەوەندی تورکیادایە لە تەشەنە سەندندان. باوەڕ پتربووە بەوەی کە هاوسایەتی دەوڵەتێکی سەقامگیری کوردیی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی ئابووریی و نەتەوەیی و ستراتیژیی تورکیادا دەبێ و کاریگەرییەکی ئابووری پۆزەتیڤانە لە ناوچە کوردیەکانی تورکیا دەکات و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی رادەی خۆشگوزەرانی ناوچەکە و ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کزر کردنەوەی ناکۆکیەکان.
لە بارەی کێشەی نەوتەوە، تورک دەبێ بزانێ، دەولەتی کوردیی گەر نەوتی کەرکوکیشی هەبێ هێشتا پێویستی بە تورکیایە. چونکە رێگای تورکیا ئەمینترین رێی گەیاندنی ئەو نەوتەیە بە بازارە جیهانیەکان. ئەو دەما شارێکی وەک دیاربەکری باشووری رۆژئاوای تورکیا، کە ئەمڕۆ ناوەندی هەرێمێکی دواکەوتوو و ملیتاریزەکراو و ئابڵوقەدراوە، گەشەدەکات و دەبێتە ناوەندێکی ئابووری بژێو.
خودی ئەمڕۆ بەو هەموو گێرە و کێشەوە، تورکیا، بووەتە گەورەترین شەریکی بازرگانی هەرێمە ئۆتۆنۆمەکەی کورد. نزیکەی 70% کۆنتراکتەکانی کەرتی تایبەت و حکومەتی لەم چەند ساڵەی دوایدا، دراوە بە کۆمپانیای تورکی. بازارەکانی شارێکی وەک هەولێر پڕن لە کاڵای تورکی. لە 2007 دا ئێکسپۆرتی تورکیا بۆ ناوچەکە نزیکەی 5 ملیارد دۆلار بوو. بە پێی راپۆرتی ( International Crisis Group ) لە ئەپریلی 2007 دا، نزیکەی 1200 کۆمپانیای تورکی لە باکووری عیراقدا کارابوون، (بۆیە راپۆرتەکان ناوی ئاشتبوونەوەی ئابووریان بەسەر ئەم بارەدا بڕییەوە. ) . جگە لەمانەش ئەمڕۆ نزیکەی 20000 کرێکاری تورکی (کە زۆربەیان کوردن ) لەباکووری عیراقدا کاردەکەن.

بۆ کوردی عیراقیش بە هەمان شێوە. دەبێ دیدیان بەرابەر بە تورکیا بگۆڕن و تورکیا وەک شەریکێکی نموونەیی ببینن. تورکیا دەوڵەتێکی ( دزێو و مەنبوز ) نییە بە چەشنی هاوسایەکانی تریان. بەڵکو ئەندامێکی ناتۆ و کاندیدی ئەندامایەتی یەکیەتی ئۆروپییە. دەوڵەتێکی لەم جۆرە کوردستانی عیراق دەکاتە خاوەن سنوورێکی راستەوخۆ لەگەڵ ئۆروپا و هەرێمەکە لەو ئابڵوقە جیۆستراتیژیە رزگار دەکات کە ئەمڕۆ تێیدایە.

گەر کوردی عیراق، هێمنانە کاربکەن بۆ پایەگوزارکردنی بەرێوەبەرایەتی و ئابووریان و سنوورەکانیان مەحکەم کەن و خۆیان دورەپەریزراگرن لە فەوزای گەمە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەند ، پاش ماوەیەک جیهان پێیناکرێ چاوپۆشی لە داواکاریی سەربەخۆییان بکات.
زیرەکی سیاسی، کورد ئەمڕۆ لەوەدایە کە جەخت لەسەر باسی (سەربەخۆیی ) نەکات. ئابڵوقەی جوگرافی و دوژمنایەتی دەوروپشت زەمینەیەکی گونجاو نییە بۆ دەوڵەت دامەزراندن و پێگەیاندنی کۆمەڵگەیەک. ئەو دەوڵەتانەی کە کورد پێویستی پێیانە، واتە ئەمریکا و تورکیا، لەم دۆخەدا رێگا بە پەیدابوونی ئەو دەوڵەتە نادەن. کە کار هاتە سەر هەڵبژاردن لە نێوان کوردستانی سەربەخۆ و تورکیا،

واشنتۆن تورکیا هەڵدەبژێرێ. بەڵام کوردستانێک لە چوارچێوەی عیراقیکی سەربەخۆدا وەک کەشتییەکی فرۆکە هەڵگری ئەمریکی لێدێت و خودی لەشکری ئەمریکی ئاسایشی هەرێمی کوردی دەپارێزێت.

لەلایەکی دیکەشەوە، ناوچەکەش دەبێ قەناعەتەکانی بگۆڕێ. دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی لە باکووری عیراقدا، کاریگەری سایکۆلۆجی هەیە. ئەم دەوڵەتە دەبێ بە پێناسەیەک بۆ گشت کوردێک، بێ ئەوەی ببێتە هۆی رادیکال بوونی کوردی تورکیا و ئێران و سوریا. هەست کردن بە بوونی دەوڵەتێکی کوردی کە بتوانن رووی تێکەن، ویستی جودابوونەوە کزردەکاتەوە. لە نۆڤەمبەری 2007 دا، تورکیا راپرسیەکی لە ناو کورددا کرد کە تیایادا 95% ئامادە نەبوو تورکیا بەجێ بێڵێ گەر هاتوو دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عیراقدا دامەزرا. ئەمە واتای خۆی هەیە.

بەکورتی، گەر کوردی عراق، بێتو سوود لە کاتەکە وەرگرن و بەردەوامبن لە دروستکردنی ساختمانی کۆمەڵایەتییان لە چوارچێوەی عراقێکی فیدرال یان کۆنفیدرالدا و خۆیان لە گێژەڵووکی گەمە سیاسیەکان و پشێوی بەشەکانی تری عیراق و وڵاتە هاوسێکان بپارێزن ، لە درێژەی ماوەدا دەورووپشتیان ناتوانێ دژ بە مافی سەربەخۆییان بوەستێ.

ئەوەی من لە کۆتاییدا، دەمەوێ بەکوردی بڵێم ئەوەیە کە دوو پەندی کوردی هەیە نابێ لەیادیان بچێ :

یەکەمیان دەڵێ (سەبر تاڵە بەڵام بەری شیرینە ) .
دووهەمیشیان دەڵێ (گوێرەکەیەکی خۆت هەبێ چاترە لەوەی شەریک بی لە مانگایەکدا ).

| کوردستان ئەو وڵاتەی کە نییە |
| --- |
| All rights ® reserved to Mèxek 2010<br>If you have questions or comments, please contact Mèxek at<br>**mexek@lpok.org** |